# پێکهاتەی زاراوەی پیشە، لە شێوەزاری کۆیەدا

د. ڕۆژان نوری عبدالله
فاکەڵتی پەروەردە/ بەشی کوردی
م.ی. شادان شکر صابر
فاکەڵتی پەروەردە/ بەشی کوردی
زانکۆی کۆیە

**پێشەکی:**

**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:**

ناونیشـــانی لێکۆڵینەوەکە، (پێکهاتەی زاراوەی پیشـــە، لە شـــێوەزاری کۆیەدا)یە، کە بەگشتی باسی جیاوازییە زمانییەکان و ئەو جیاوازییانە دەکات ، کە بەهۆی پیشـەوە لە نێوان گروپە جیاوازەکانی هاوپیشـەکاندا دێتە ئاراوە، هەروەها باسـی پێکهاتەی زاراوەی پیشـە لە شـێوەزاری کۆیە کراوە ، بواری لێکۆڵینەوەکە لە سنوری زمانەوانی کۆمەڵایەتی دایە .

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:**

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە، دەسـتنیشـانکردنی تایبەتمەندییە زمانییەکانی شـێوەزاری کۆیە و خستنە ڕووی ژمارەیەک زاراوەیە، کە لە بواری پیشـەی جیاوازدا بەکاردێن.

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە:**

گرنگی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە، کە لە شـێوەزاری کۆیەدا، سـنورێکی زمانی لەناو گروپی جیاوازی هاوپیشـەکاندا دەکێشێت، هەروەها باسی پێکهاتەی ئەو زاراوانە دەکات، کە لە بواری پیشـــە جۆراوجۆرەکانی شـــاری کۆیـەدا بەکارهاتوون. سـودێکی تری ئەم زاراوە پیشـەییانە لەوەدایە، کە قۆناغ و سەردەمی مێژوویی میللەتی کوردمان بۆ دەردەخات، ڕۆشنایی دەخەنە سەر جۆری ژیان و ئەو بارودۆخ و کەرەسانەی کە لە ڕۆژگارەکەدا بەکارهێنراون، لەگەڵ پڕاکتیزەکردن لەسـەر ئاخاوتنی قسـەپێکەرانی چەند خاوەن پیشـەیەکی جیاواز و دەرخستنی زاراوەکانیان .

**گرفتی لێکۆڵینەوەکە:**

گرفتی لێکۆڵینەوەکە، بریتی بوولەکەمی سـەرچاوە بوو بەزمانی کوردیلەم بوارەدا، هـەروەهـا جۆرە تێکـەڵییـەک لـەنێوان ئـەو زاراوانـەدا هـەبوو، کـە لـە

بواری پیشـــە جیاوازەکاندا هەیە، کە زۆرجار وشـــەی هاوبێژ لە ناو گروپە جیاوازەکاندا دەبینرێن، کە هەندێک جار جیاکردنەوەیان ئاسـان نییە، گرفتێکی تر بوونی هەندێ زاراوەی بیانییە، کە زۆرجار تێگەیشـــتن و ناســـینەوەیان قورسە .

**ڕێباز و سنوری لێکۆڵینەوەکە :**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی کرمانجی ناوەڕاستدا ، وەسفی تایبەتمندییە زمانییەکانی پێکهاتەی ئەو وشـــە و زاراوانە دەکات، کە لە بواری پیشـــەی جیاوازدا بەکاردێن ، سەرچاوەی نموونەکانمان ئەوزاراوانە
کە لە بواری پیشـــە جیاوازەکاندا بەکارهاتوون ، پشـــت بە ڕێبازی وەســـفی شـیکاری ، لە شـیکردنەوەی نموونەکان و چۆنیەتی دروستبوون و پێکهاتەی زاراوەکان بەستراوە .

**ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:**

لە پێشـەکی و سێ بەش و ئەنجام و لیستی سـەرچاوەکان پێکهاتووە، لە بەشـــی یەکەمدا، بەکورتی باســـی زمان و زار و جۆرەکانی زار ، پەیوەندی زمان بە پیشـەوە کراوە ، بەشی دووەم پێناسـە و چەمکی زاراوە و ڕێگاکانی داڕشتنی زاراوە لە خۆدەگرێت ، لە بەشی سێیەمدا باسی جۆرەکانی پیشە لە شـاری کۆیە و ئەو زاراوانەی کە لە پیشـەدا بەکارهاتوون کراوە ، بەتایبەتی پیشـــەی کۆن ، لەگەڵ شـــیکردنەوەی پێکهاتەی هەر زاراوەیەک لە ڕووی مۆرفۆلۆجی و واتای سیاقییەوە .

**بەشی یەکەم :**

**زمان و زار**

زمـان هۆکـارێکی گرنگی دروســـتکردنی پەیوەنـدی و گەیـانـدنی بیر و بۆچوونەکـانی مرۆڤە بە دەوروبەر، زمـان گرنگترین تـایبەتییە، کە مرۆڤ لە زینـدەوەرەکـانی تر جیـادەکـاتەوە ڕۆژانە بەهۆی زمـانەوە پەیوەنـدی لەگەڵ یەکترییـدا دەکـەین ، زمـان ئـامرازێکە کە نـاتوانین لە ژیـانی ڕۆژانەمـانـدا دەستبەرداری ببین . چەند پێناسەیەک بۆ زمان کراوە ، وەک :

(فوئاد مرعی) دەڵێت: ((زمان سیستەمێكی هێمایی سەربەخۆیە، لەناو كۆمەڵدا لەخۆوە سەرهەڵدەدات و بۆ مەبەستی لەیەكتر گەیشتن لەنێوان تاكەكانیدا بەكاردێت))، (فؤاد مرعی: ٢٠٠٢: ٧).

(فردیناند دی سۆسێر) دەڵێت: ((زمان بەرهەمی كۆمەڵایەتی هاوزمانانە و كۆمەڵە ئاكارێكی زۆر پێویستە، كۆمەڵ دایهێناوە، بۆ ئەوەی لە بەكارهێنانیدا یارمەتی تاكەكانی بدات))، (فردیناند دی سوسیر: ١٩٨٨: ٢٧).

(چۆمسكی) دەڵێت: ((زمان كۆمەڵە ڕستەیەكە، ڕێزمان دەریان دەكات))،(محمد معروف فتاح: ١٩٩٠: ٥).

((زمان سیستەمێكی پەیوەندییە لەنێوان دوو لایەندا))،(محمد علی الخولی: ٢٠٠٠: ١٢).

((زمان كۆمەڵە شێوازێكی جیایە، هەریەكەیان بۆ بارێكی تایبەتی دەست دەدات))، (محمد معروف فتاح:١٩٩٠: ٥). بۆ هەر یەك لەو بارە جیاوازانە شێوازی تایبەتی بەكارهێنانی زمان هەیە و ئەو شێوازە زمانەی كە لای چینێكی كۆمەڵایەتی دیاریكراو بەكاردەهێنرێت جیاوازە لە چینێكی تری كۆمەڵایەتی، چونكە هەریەك لەو توێژانە ژینگە و دەوروبەری تایبەت بەخۆیان هەیە كەواتە ئەگەر زمان نەبێت كۆمەڵیش نابێت، زمان و كۆمەڵ ئاوێتە و تێكەڵاوی یەكترن. زمان بۆ مرۆڤ وەك ئۆكسجین وایە، چونكە بۆهەر كوێیەك بچێت پێویستی پێیەتی و لێی جیانابێتەوە، بۆیە هەمیشە بۆتە جێی سەرنجی فەیلەسوف و زانا و زمانەوانان و ڕۆشنبیران، ڕۆژ بە ڕۆژ لێكۆڵینەوەی زیاتری لەبارەیەوە دەكەن. سەبارەت بە زاریش، زار بەشێكە لە زمان و لە ناوچەیەكی جوگرافی دیاریكراودا بەكاردەهێنرێت و زمانیش بریتییە لە كۆی چەند زارێك. لە زمانی كوردیدا جگە لەو زاراوەیە، دیالێكت، لەهجە، شێوەزار...هتد بەكاردێت، زار بەو جیاوازییانە دەگوترێت، كە لە نێوان جۆرەكانی یەك زماندا هەیە. زمان جێگیر و لە قالب دراو و بێ گۆڕانكاری نییە، هەموو زمانەكانی جیهان زار و شێوەزاری جیاجیا دەگرنەخۆ. كاتێكیش زمان بەكارهێنراوی كۆمەڵێك لە كۆمەڵێكی تر لەناو چوارچێوەی هەمان

زماندا جیاوازی ئاشـــکرای هەبێت، ئەوا ئەو جیاوازییە پێی دەگوترێت زار (غازی عەلی خورشید: ٢٠١٢ : ٢٤ ) .

لە لایەن زمانەوانانەوە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە لە زاریان کۆڵیوەتەوە و پێناســـەیان کردووە ((دیالێکت بەو شـــێوە زمانە دەوترێت، کە کۆمەڵە کەسێک لە شوێنێکدا بەکاری دێنن و هاوزمانەکانیشیان تێیان دەگەن))، (محمد معروف فتاح: ١٩٩٠:١٠٥) ، ((دیالێکت شـــێوەیەکە لە شـــێوەکانی زمانی ناوچەیی یان کۆمەڵایەتی یان کاتی، کە پێکهێن و دانەکانی ڕونان و ڕێزمانی تایبەتی هەیە))، (یوســـف شـــەریف ســـەعید: ٢٠١١: ٢٤٧) لە کتێبی (زار و شێوەزار)دا، بەم شێوەیە پێناسەی زار کراوە : ((دیالێکت بوارێکی تەسکتر و پانتاییەکی ســـنووررداری ئەندامانی ئەو نەتەوەیە دەگرێتەوە، کە بە زمانە گشتییەکە قسە دەکەن))، (بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمە ئەمین: ٢٠٠٦ : ٧) ، (کەمال میراودەلی) دەڵێت: ((دیالێکت شـــێوەیەکی دیار و جیاکراوەی قسەکردن و ئاخاوتنە، لە چوارچێوەی یەک زماندا، کە قسەکردنی ناوچەیەک جیادەکاتەوە، یاخود کاتێ چینێکی تایبەتی بە شـێوەیەکی وا دەدوێن، کە زۆر سیما و خاسیەتی جیاکەرەوەی لە چینەکانی دی هەیە))، ( میراودەلی: ٢٠٠٧ : ٤٥) (ڕەفیق شوانی) دەڵێت: ((دیالێکت بریتییە لە شیوەی جیاوازی قسەکردن، لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر))، ( شـــوانی: ٢٠٠١: ٦٦). لەم پێناســـانەوە ئەمەمان بۆ دەردەکەوێت، کە زار بریتییە لە شـێوەی جیاوازی قســـەکردن لە سنوری یەک زماندا، دەبێتە ناسنامەی ناسینەوەی قسەکەر. زمان سنورێکی جوگرافی فراوان دەگرێتەوە، کەچی زار نـاوچەیەکی جوگرافی دیـاریکراو دەگرێتەوە، زمان کۆی هەموو ئەو جیاوازییانە دەگرێتەوە کە لە زارەکاندا هەن. ((پەیوەندی نێوان زمان و زار، پەیوەندی بەش بە گشتە، بە واتایەکی تر زار بەشێکە لە زمان و زمانیش بریتییە لە کۆی چەند زارێک))، (عەبدوالواحید موشیر دزەیی: ٢٠١١: ١٧) .

**جۆرەکانی زار:**

زمـانی کوردی وەک هەر زمـانێکی زینـدو لە کۆمەڵێـک زار و شـــێوەزار پێکهاتووە (هەر زمانێک لە شـــێوەی چەند زارێکدا دەردەکەێت، هیچ زمانێک

بەبێ زار نییە، قسـە پێکەران لە سـنووری جوگرافی فراواندا بڵاو دەبنەوە، بێگومان کات و شـوێنیش کاریگەرییان لەسـەر زمان دەبێت، بۆیە لێرەدا زارەکان سـەر هەڵدەدەن)، (محمد علی الخولی: ٢٠٠٠: ١٨) زارەکانیش چەند جۆرێکن وەک: زاری جوگرافی، زاری کۆمەڵایەتی، زاری پیشـەیي ، لە هەموو زمانانی جیهان لەپاڵ زاری سـەرەکی شـێوەزاریش دەبینرێت، دەتوانین بەم شێوەی خوارەوە دیاریان بکەین :

**١ـ-زاری جوگرافی :**

جۆرێکە لە جۆرەکانی زار و بەپێی سـنوری جوگرافی، لە زارەکانی تر جیادەکرێتەوە، لە سنوری جوگرافی دیاریکراودا قسـەی پێدەکرێت، سنوری نێوان ئەو زارانە دیاردەیەکی سـروشـتی جوگرافییە ، زمانی کوردی، بەپێی ناوچـەی جوگرافی بۆ چـەنـد زارێکی جیـاواز دابـەش بووە ، بڵاوبونەوەی خەڵکی لە چوارچێوەیەکی جوگرافی فراوانـدا، دەبێتە هۆی دروسـتبوونی کەلێنی فراوان لە نێوان زارەکان، هەرچەندە ماوەی نێوان قسـەکەرانی یەک زمان زیادبکات، ئەوا ژمارەی زارەکانی ئەو زمانە زیاتر دەبێت، لە هەمان کاتیشـدا جیاوازی نێوان ئەم زارانە پتر دەبێت، کە بە زاری جوگرافی یان زاری هەرێمی ناودەبرێت. واتە هەر ناوچەیەک لەگەڵ ناوچەیەکی تر شێوازی ئاخاوتنی جیایە، بە جۆرێک هەندێک وشـە و زاراوە لە ناوچەیەک بەکاردێت، بەبێ ئەوەی لە ناوچەیەکی تر بەکاربێت (سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو و ئیدریس عەبدوللا: ٢٠١٠: ٧٢) ، کەواتە ئەگەر لەمپەرێکی جوگرافی لەنێوان دوو هەرێمدا دروسـتبوو، کە بەهەمان زمان قسـە دەکەن ئەوا ئەو لەمپەرە جوگرافییە پەیوەندی کۆمەڵایەتی کەمتر دەکاتەوە، یان هەر نایهێڵێت، وەک دەریا و بیابان، چیاکان، ...هتد

**٢- زاری کۆمەڵایەتی:**

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لەناو کۆمەڵدا کاردەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە زاری جیاواز دروسـت دەبێت (هەندێ زار لە وڵاتێکدا، یان ناوچەیەکدا بەپێی دەسـتە و تیرەی خەڵک لە زمانی گفتوگۆوە دەبنەوە، بۆ نموونە چینی ئەرسـتۆکراتی شـێوەی گفتوگۆی تایبەت هەیە، یان زارێکی

تایبەتییان هەیە، هەروەها بۆ سوپا و سەربازان و وەزرش چییەکان... زارێکی تایبەت هەیە، بەم جۆرە زارە دەڵێن (زارە کۆمەڵایەتییەکان) )، (علی عبدالواحد الوافي: ٢٠٠٧: ٧٩) چەندەها جیاوازی لەنێوان خەڵکیدا لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشــنبیرییەوە هەیە، واتە بەگوێرەی بەرزی ئاســتی ڕۆشــنبیری کەســێک لەگەڵ کەســانی تر جیاوازی لەنێوان ئاخاوتنیان دەبێت. بۆ نموونە زۆر بە ئاســانی دەتوانین قســەکەری خوێندەوار لە نەخوێندەوار لەکاتی قسەکردندا لەیەکتر جیابکەینەوە .

**٣- زاری ناوچەیی:**

هەر ناوچەیەک لەگەڵ ناوچەیەکی تردا، شێوازێکی ئاخاوتنی جیای هەیە ، بەجۆرێک هەندێ وشــە و زاراوە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بەکاردێت، بەبێ ئەوەی لە ناوچەیەکی تر بەکاربێت. بۆ نموونە لە ناوچەی هەولێر بە ڕەگەزی مێ پێش زەواج دەڵێن (کیژ)، بەڵام لە کۆیە پێی دەڵێن (کچ)...

**٤- زاری ڕەمەکی:**

بەو قســە و ئاخاوتنانە دەوترێت، کە لەســەر شــەقام و کۆڵان و گازینۆ و بازار و چایخانەکان بەکاردێت، ئەم جۆرە زارە لەهەموو جۆرە زارەکانی تر نزمترە، زمانێکی نافەرمییە لە ڕستە و پێکهاتەی سادە دروست بووە.

**٥- زاری پەتی:**

بەو زارە دەوترێت، کە دەبێتە شــێوەی فەرمی، خوێندن و نووســین، هەر بۆیە هەندێجار بەم جۆرە زارە دەوترێت زاری فەرمی، کە زاری ئەدەب و زانســتە، زمانی فێرکردن و وانەوتنەوەی زانکۆکانە، ئەم جۆرە زارە قســە و ئاخاوتنی ڕەمەکی و بازاڕی تێدا نییە و وردەکاری زۆری ، لەڕووی هەڵبژاردنی وشــە و ڕەســەنایەتی ڕێزماندا تێدایە. لە زۆر زماندا کەلێنەکانی نێوان ڕەمەکی و پەتی زۆرن و لە هەندێ زمانیشدا کەلێنەکان کەمن.

**٦- زاری تاکەکەسی:**

ئەگەر دوو کەس لە هەرێمێکیشدا بن، یان تەنانات ئەگەر دوو خوشکیش، لەماڵێکدا بەیەکەوە بژین ، چەندین جیاوازی لە شێوازی قسەکردنیاندا هەیە. کەواتە زاری تاکەکەسی یەکسانە بە ژمارەی قسەپێکەران

.

**٧-زاری ڕەچەڵەکی:**

ئەگەر لە شـوێنێکدا کەمینەیەک هەبێت، ئەوا ئەو کەمینەیە زاری باڵادەست بەشـــێوەیەکی تایبەت بەکاردەهێنن، ئەم زارە تایبەتەش لە زمانی کەمینە و زمانی زۆرینە پەیدا بووە، بە نموونە ڕەش پێســـتەکانی ئەمریکا، زارێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە بە زاری ڕەش پێســـتەکان ناودەبرێت (نەریمان عەبدوڵڵا: ٢٠١٤: ٥٥).

**٨- زاری شارنشینی و لادێیی:**

لە هەر وڵاتێک شار و لادێ هەیە، کە لە زۆر بواردا زاری شاریی لە زاری لادێ جیاوازە، جا بەهۆی ئەوەوە بێت، کە کار و پیشـــەی شـــار و لادێ جیاوازە، یان بە هۆکاری ئابوری و ڕۆشـــنبیری و پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە دەبێت، چونکە فەرهەنگی زمانی شـــارنشـــینییەک لەگەڵ فەرهەنگی زمانی لادێییەک لە زۆر بواردا جیاوازە، هەموو ئەو هۆکارانە وا دەکەن جیاوازی لەنێوان زاری شار و لادێدا دروست بێت.

**٩- زار بەپێی تەمەن و ڕەگەز:**

لەبەر چاوی هەمووان ڕون و ئاشـکرایە، کە شـێوەی قسـەکردنی منداڵ جیاوازە لەچاو گەنجێک، یان گەنجێک لەچاو بەتەمەنێک، هەروەها زمان بەپێی ڕەگەزیش جیاوازی هەیە، هەندێ وشـە و دەستەواژە هەیە ژن بەکاریدەهێت، بەڵام پیـاو بەکـاری نـاهێنێـت، هەروەهـا لە ڕووی دەنـگ و شـــێوازی قســـەکردنیشـــەوە لەیەکتری جیاوازن، هەموو ئەو وردەکاریانە وادەکەن زار جیاواز بێت بەپێی تەمەن و ڕەگەز.

**١٠- زاری پیشەیی:**

پیشـــە یەکێکە لە هۆکارە گرینگەکانی پەیدابوونی جۆراوجۆری زمان، وەک دەزانین لەهەر کۆمەڵگایەکدا، پیشـــە و کاری جیاواز هەیە، هەریەکێک لەمانە خاوەنی شـــێوازێکی تایبەتی ئاخاوتنە، کە پێویســـتە بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کارەکەو برەو پەیداکردن لەو بوارەدا، هەروەها هەر پیشـــەیەک

خاوەنی کۆمەڵێک زاراوەی تایبەت بە خۆیەتی، کە جیاوازە لە زاراوەکانی پیشـــەیەکی تر. بۆ نموونە ( کرێکار ، نانەوا ، مامۆســـتا ، ئاســـنگەر ...) . زاراوەش هەڵگری چەمکێکە کە دەربڕین و گوزارشـت لە دۆخ و پسـپۆریەکی ورد دەکات، هەر پیشەیەک هەڵگری زمانێکی تایبەت بە خۆیەتی، کە مەبەستی ئێمە لێرەدا دروستبوونی ئەو زاراوە و دەربڕینە جۆراوجۆرانەیە، کە لە لایەن کەســانی ســەر بە گروپە پیشــەییە جیاوازەکانەوە بەکاردەهێنرێت. (زۆرجار کەســـێک نازانێ لە دەوروپشـــتی چی دەوترێت، تەنانەت بە زمانی زگماکی خۆشی قسەکان دەوترێت)، ( خۆشناو: ٢٠١٢: ٩٢).

پێویســتە ئاماژە بەوە بدەین، کە جۆری پیشــە، بەپێی چینی کۆمەڵایەتی و کات و ســەردەم گۆڕانی بەســەردادێت، لە پاڵ ئەمەشــدا شــێوازی ئاخاوتنی پیشـەوەران و ئەو وشە و دەستەواژانەش، کە بەکاری دەهێنێت دەگۆڕێت. بۆ نموونە، پیشــەی پزیشــکی میللی لەســەردەمی کۆندا، کە لەشــێوە ئاخاوتنی کۆیەدا، (تەبابە)ی پێ وتراوە، ناکرێ بەو ژمارە زاراوە کەم و ســـادەیەی کە ئەوکاتە هەبووە، پێویســـتییەکانی پیشـــەی پزیشـــکی ئەم ســـەردەمەی پێ پڕبکرێتەوە، لەسـەردەمانی زوودا، تێبینی ئەوە دەکرا، کە زۆربەی کات باوک، چ کارێکی کردبایە، کوڕەکەشی هەمان کاری دەکرد، واتە پیشە وەک میراتێک وابوو، ( زارە پیشـــەییەکان لەو ناوچانەی کە ڕژێمی تایەفەگەری تێدا هەیە زۆر لێک جیا دەبنەوە ، لەوێدا هەر چینەو پیشـــەیەکی تایبەت دەگرێت بە دەســـتەوە تا پشـــت و پشـــتان نایگۆڕێ ، هەر ئەو پیشـــەیە دەکات و کەس ناتوانێ وازی لێ بهێنێ و پیشـــەیەکی تر بکات ) ( الوافی :٢٠٠٧ : ٢١٠ )، بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت ، کە جیاوازیی چینایەتی ، جیاوازی پیشــەی لێ دەکەوێتەوە ، چینەکانی کۆمەڵیش لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی ترو لە ســەردەمێکەوە بۆ ســەردەمێکی تر دەگۆڕێت ، لە ســەردەمانی زوودا پیشــە وەک میراتێک وابوو، بەڵام لەناو میللەتانی پێشــکەوتووداو لەم ســەردەمەی ئێستادا، ئەمە باوی نەماوە، سەربەستی لە هەڵبژاردنی پیشەداوە هاتەکایەوە ، بەهۆی ئەمەش ژمارەیەکی زۆر پیشـــەی نوێ ســـەری هەڵدا ، بوونی ئەم هەموو جۆرە پیشـــەیەش لەناو کۆمەڵدا، زمانی جیاواز دروســـت دەکات، کە

هەریەکەیان خاوەن وشـــە و زاراوەی تایبەت بەخۆیەتی، ئەمەش ڕێگا خۆشکەرە بۆ دروستبوونی جۆراوجۆری زار لەیەک زماندا ، بۆ نموونە ئەو وشە و زاراوانەی کە پزیشکێک بەکاریدەهێنێت جیاوازە لەو وشەو زاراوانەی، کە مامۆستایەک بەکاریدەهێنێت. هەروەهائەو وشەو زاراوانەی کە پزیشک بەکاریدەهێنێت پەیوەندی نییە بە بواری ژمێریاری، کاگێری و یاساییەوە، واتە هەر پیشەیەک شێوازێکی ئاخاوتنی تایبەت بەخۆی هەیە، کە بە هۆیەوە لەگەڵ ئاخاوتنی پیشـــەکانی تر جیادەکرێتەوە. بۆ نموونە:ئەگەر ئاخاوتنی پیشـــەی دادوەر و دادگا وەربگرین هەندێ دەربڕینی تایبەتیان هەن کە زۆر بەکەمی لە بوارەکانی تردا بەکاردێن، وەک: (سکاڵا، سکاڵاکەر، سکاڵالێکراو، ماف، بریکار، بەڵێن نامە، تاوانبار، دۆسیە، دەستگیرکردن، مارەیی پێشەکی و پاشەکی...هتد)، ( شـــەمس: ٢٠٠٦: ٧٨). هەروەها ئەگەر پیشـــەی مامۆســـتا وەربگرین دەیەها وشـــە و زاراوەی تایبەت بەو پیشـــەیەمان بەرچاو دەکەوێت وەک(داتاشـــۆ، ســـلاید، تەختە، ماجیک، خوێندکار، بابەت، پۆل...هتد). لە هەمان کاتیشـــدا ئەگەر پیشـــەی فیتەریی وەربگرین، دەبینین چەندین وشـــە و زاراوەی تایبەت بەو پیشـــە هەیە، وەک: (برێک، لایت، بۆنیت، ئەکسـڵ، کابرێتە، ڕادێتەر، بۆدی، گێر، پلاک، هۆرن، فیوز، ...هتد ) .

**پەیوەندی زمان و پیشە:**

پێویستە ڕۆشنبیران و زمانەوانانی کورد، بە چاوێکی زۆر بەرزو بەنرخەوە، بڕواننە بەرهەمی پێشـینانی نەتەوەکەمان بەگشـتی و بواری زمان بەتایبەتی، چونکە ئەوانە لەکاتێکدا دەوری خۆیان بینیوە، نەک ســـەربەخۆی و ئازادی نەبووە، بەڵکو لەهەندێ بەشـی کوردستاندا بە فەرمی زمانی کوردی لەڕووی ئـاخـاوتن و لەڕووی خـوێنـدن و بەڕێوەچوونـی کەلەپور و کلتوری نەتەوەییمانەوە قەدەغەش کراوە. زمان بەشـــێوەیەکی گشـــتی هۆیەکە بۆ تێگەیشـــتن و دەبێتە هۆی دروســـتبوونی پەیوەنـدی کۆمەڵایەتی. (شوانی:٢٠١١:١٣) زمان بەشێکە لە شارستانێتی میللەت و لێی جیا ناکرێتەوە، بەپێی کەڵەکەبوونی بەری هەموو دەستکەوتن و سەرکەوتنێکی مەزن، کە ئەو میللەتە بە تـاقیکردنەوەی دوورودرێژ دەســـتگیری کردووە، نەک هەر کـار لە

شـــــارســــــتانێتی ئەو میللەتە دەکات، بگرە تینی بۆ زمانەکەش دێت و جۆرە گۆڕان و پێشکەوتن و پەرەسەندنێکی بۆ سازدەدات، چونکە گەشەسەندنی زمان بەندە بەگەشەسەندنی کۆمەڵگەوە، بە پێی دەرکەوتنی پیشەی نوێش وشە و زاراوەی نوێ بۆ نێو زمان زیاد دەبێت .کتێب و وتارە کۆنەکان گەلێک وشـــە و زاراوەیـان تێدایە، کە بەداخەوە لەلایەن نوســـەر و لێکۆڵەرە تازەکانمانەوە بەکارناهێنرێن، بەتایبەتی ئەو وشە و زاراوانەی کە پەیوەندیان بە ڕووەک و کشتوکاڵ و پیشەی کۆنەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک جار وا ڕێک دەکەوێت خەڵک وشــە و زاراوەی کۆن بەکاردەهێنن و وشــە و زاراوە نوێیەکان هەر لە ناخی کتێب و فەرهەنگەکاندا دەمێنێتەوە، دەشـــێت خەڵک زاراوەی پڕ بە پێست بەکاربهێنێت، بەڵام فەرهەنگ و زاراوە دانەرەکان ئاگایان لێیان نییە، چونکە نەهاتوون وشـــەو زاراوە هەمە جۆرباوەکان دەســـتنیشـــان بکەن و تۆماریان بکەن. زمانی کوردی زمانێکی زیندو و بنەڕەتییە، توانای ئەوەی هەیە گەشـــە بکات و پێش بکەوێت، بۆ دۆزینەوە و دانانی زاراوە، پێویســتە سـود لە هەموو فەرهەنگە کوردییەکان، یان ئەوانەی بە زمانی کوردی و بە زمانێکی تر دەرکراون وەربگرین. هەروەها پێویســـتە پرســـیار لە خاوەن پیشـــەکان و جوتیارەکان و فەرمانبەرانی دام و دەزگای تایبەت بە بوارەکە بکرێت. باری ڕامیاری تایبەتی کورد وای لە زمانی کوردی کردووە، کە سـەدان واتا بەبێ ناوی ڕەسـەن بمێنێتەوە، بەڵکو ناوی ئینگلیزی یان عەرەبی یان تورکی و فارســـییان بۆ بەکاربهێنرێت، هەروەها پێویســـتە ئەندامانی کۆڕ لە لایەنی زمانەوانی و ئەدەب و زانســـتییەوە بۆ ئەو کارە ئامادەکراوبن و واتاکانی هەر زاراوەیەک یەک بخەن، چونکە زمانی کوردی بەتایبەتی لە کوردستانی باشووردا ڕۆژ بەڕۆژ بەرەوپێش دەچێت و لەگەڵ ئەو پێشـــکەوتنەشـــدا پێویســـتە ئامادەکردنی زاراوە و فەرهەنگ نوســـین هەنگاوی خۆی بنێت .

**ڕۆڵی زاراوەی پیشە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا:**

خاوەن پیشـــە جیاوازەکان، هەموویان وەک یەک زمان بەکارناهێنن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگا سەرەکییەکەی زمان بۆ چەند کۆمەڵ و گروپێکی

جیاواز دابەش بن و لەسـەر بنەمای پیشـە و چینی کۆمەڵایەتی بەشـێوەیەکی جیاواز زمان بەکاربهێنن .هەر پیشـــەیەک زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە، کە بۆی هـەیـە دواتر بپـەڕێتـەوە نـاو فـەرهـەنگی زمـان و ڕۆڵ ببینێـت لـە دەوڵەومەندکردنی فەرهەنگەکەیدا، لەلایەکی ترەوە ئەم زاراوە پیشـــەییانە کە قۆناغ و ســـەردەمی مێژوویی میللەتی کوردمان بۆ دەردەخات، ڕۆشـــنایی دەخەنە سـەر جۆری ژیان و ئەو بارودۆخ و کەرەسـانەی کە لە ڕۆژگارەکەدا بەکارهێنراون، بۆ نموونە: ئەگەر ئاوڕێک لە وشـەکانی (مەشـکە و سێگاسن و گۆزە) بدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە لە ڕۆژگارێکدا میللەتی کورد (سودی لە پێســـتە و ئاژەڵ و گڵ) بۆ جێبەجێکردنی پێداویســـتییەکانی وەرگرتووە. لە بواری ئاژەڵداریدا بۆ (مەڕ) چەند ناوێک هەیە(کە لە دایک دەبێ تا یەک سـاڵی پێی دەوترێت (بـەرخ) بۆ (نێر و مێ )، لـە یـەک ســـاڵی تـا دوو ســـاڵی پێی دەوترێت (کاوڕ) بۆ (نێر و مێ )، بەڵام لە دوای دوو سـاڵییەوە جیادەکرێتەوە نـاوی (بـەردیل) بۆ مێ، نـاوی (بـەران) بۆ نێر بـەکـاردەهێنرێت)، (حوســـێن: ٢٠١٠: ٣٧) ، خـاوەن پیشـــە جیـاوازەکـان، بـەپێی جۆری پیشـــەکـانیـان هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوروبەریاندا دەکەن و کەرەستەی جیاواز بەکاردەهێنن، بۆ نموونە پزیشـک، ڕۆژانە مامەڵە لەگەڵ نەخۆش و نەخۆشـخانە و برین پێچ و تـاقیگـە و جۆرەکـانی تیشـــک و دەرمان و دەرزی و کەلوپەلی تایبەت بەو بوارە دەکات، بەڵام فیتەرێک، مامەڵە لەگەڵ جۆرەکانی ئۆتۆمبێل و ئاســـن و ڕۆن و کـەلوپـەلی تایبەت بەو بوارە دەکات، هەر یەکێکیان شـــێوازی تایبەتی ئـاخـاوتنیـان هـەیە، دەربڕینی جیا بـەکـاردەهێنن جیـایـان دەکـاتـەوە لـە توێژ و خاوەن پیشـەیەکی تر، گروپە هاوپیشـەکان وشـە و زاراوە و هێما و شـێوازی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە جیاوازە لە گروپێکی تر، بۆ نموونە چەمکی (فتیل)، لای پزیشــک و وەســتای سـۆپا و فیتەر جیاوازی هەیە. زاراوەی (ڕەگ)، لە هەریەکێک لەم بوارانەدا جیاوازە .

پزیشکی : ڕەگی ددان

بیرکاری: ڕەگی دووجا

کشتوکاڵ: ڕەگی دار

زمانەوانی: ڕەگی کار

هەرچەندە واتای بنجی (ڕەگ)، لە هەموویاندا هاوبەشە، بەڵام لە هەر پیشەیەکدا بۆ بوارێک بەکاردێت، کە جیاوازە لەوی تر. لە ئاخاوتندا بەپێی جۆری پیشەی تاکەکانی کۆمەڵگا چەند شێوازێک هەیە، وەک (شێوازی فەرمی، شێوازی سۆزدارانە، شێوازی ئاسایی، شێوازی وشک...هتد) ، سروشتی ئەندامەکان و باری کۆمەڵایەتی و ئاستی هۆشیاریی و ژینگەیی و پەروەردە لەسەر شێوازی ئاخاوتنی قسەکەر ڕەنگدانەوەی هەیە، هەریەکێک لەو گروپە جیاوازانەی کە لەسەر بنەمای پیشە دروستبوون، کۆمەڵێک وشە و دانەی لێکسیکی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە ئەگەر لێکۆڵینەوەی تەواویان بۆ بکرێت، دەتوانرێت فەرهەنگێکی کوردی دەوڵەمەند، تایبەت بەو بوارە دابنرێت. بەتایبەتی، هەوڵبدرێت وشە و زاراوەی پیشە کۆنەکان کۆبکرێتەوە و بپارێزرێن و لە نەمان و فەوتان ڕزگاربکرێن. بۆ نموونە: لە فەرهەنگی جوتیاریکدا، کۆمەڵێک وشە و زاراوەی وەک (شەواو، پاچ، بژاربڕ، زاخە، سێگاسن، خەرماشە، بنەتۆ، گۆل، شەنە، زبڵ، تراکتۆر،....هتد) هەیە، کە لەوانەیە لای کەسێکی تر نەبێ.

**بەشی دووەم:**

**چەمک و پێناسەی زاراوەسازی:** لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە زۆرەی کە لەبواری زانست و تەکنەلۆژیدا هاتە کایەوە، هەروەها پەرەسەندنێکی خێرای پەیوەندییە نێو نەتەوەییەکان، لە بواری پیشەسازیی و بازرگانیدا، بەکارهێنانی دەزگا ژمێرییارییە ئەلیکترۆنییەکان لە خەزنکردنی زاراوە و چارەسەرکردنیان و ڕێکخستنیان، پسپۆڕانی بواری زمان و لۆجیک و فەرهەنگسازی، زانستێکی نوێیان دۆزییەوە، کە زانستی زاراوەسازی بوو. دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی بکەین: ((ئەو زانستەیە، کە لە پەیوەندی نێوان چەمکە زانستییەکان و زاراوەکانی زمان، کە ئەو چەمکانە دەردەبڕن دەکۆڵێتەوە))، ( القاسمی: ١٩٨٥: ١٧) ، زاراوەسازیی زانستێکی گرنگە و جێگەی بایەخ پێدانی زمانەوان و پسپۆڕانی بواری زانستەکانی ترە، زاراوە بەشێکی گرنگی فەرهەنگی زمانە،

لەهەموو بوارەکانی زانســـتی و ڕۆشـــنبیریی و ڕامیاریی و ئابوریی و...هتد، ڕۆڵی تایبەت بەخۆی هەیە.

**چەمک و پێناسەی زاراوە:**

بۆ زاراوە لە زمانی عەرەبیدا (مصـــطلح) بەکارهاتووە ولەزمانی ئینگلیزیدا Term بەکارهاتووە. (شــــەریف جرجانی) واژەی (الأصـــــطلاح)ی بە زمانی عەرەبی داناوە و بەم جۆرە پێناســـەی کردووە و دەڵێت: ((زاراوە ڕێککەوتنی تاقمێکە دەربارەی ناونانی شـــتێک، یاخود کارێک بە شـــیوەیەک کە لە واتـایەکەوە بۆ واتـایەکی تر گواســـترابێتەوە))، (علی بن معی الشـــریف الجرجانی:١٩٦٩: ٢٨). مەبەست لە زاراوە هەر وشـەیەک یان دەستەواژەیەک، یان دەربڕینێکە، کە واتایەکی ورد و دەســنیشــانکراوی هەبێت، ئەگینا دەبێتە وشـــەیەکی زمانەوانی ئاســـایی و هەموو کەســـێک تێی دەگات، کۆمەڵێک لە کەســـان، یان نەتەوەیەک یان جیهان بڕیاری لەســـەر دابێت و لە هەندێک مەیدانی زانستی یان هونەری و کارپێکردن یان پیشەیی، یان بابەتی سیاسیدا بەکاربهێنرێت (کەمال جەمال غریب: ٢٠١٢: ١١)،. (ڕەفیق شـــوانی) دەڵێت: ((زاراوە: وشـــەیەکە لەئەنجامی ڕێککەوتنی شـــارەزایانی زمانەوە بۆ ناولێنانی داهات و داهێنانی تازە لەناو کۆمەڵەوە دادەنرێت و لەئەنجامی پەیوەندی و بەکارهێنانی پێویســـتی ژیانی ڕۆژانەوە بەکاردەهێنرێن و دێنە کایەوە))، ( شـوانی: ٢٠١١: ١١٧) ، زاراوە پیشـەییەکانیش، بریتیین لە کۆمەڵە نیشـانەیەکی زمانەوانی، ئەو چەمک و شـتانە دەردەبڕن کە پەیوەندیان بە پیشـــە زانینەوە هەیە(کەمال جەلال غەریب: ٢٠١٠ :٢٠).

زاراوەی پیشـــەیی، خاوەن واتایەکی وردە و تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە بوارێکی تایبەتیدا بەکاردێت، بەڵام واتای لێکسیکی واتایەکی گشـتییەو هەموو ئەگەرەکـانی واتـایی بەخۆیەوە دەگرێ، واتە ســـیفەتی گشـــتییەتی تێـدا بەدیدەکرێت، هەروەها دەبێتە واتایەکی هاوبەش لەنێوان چەندین واتادا. واتای لێکســـیکی واتـایەکی بـاوی (نەریتی) گشـــتییە بە بەرهەمی هەموو کۆمەڵگا دادەنرێـت، بەڵام واتـای زاراوەیی تـایبەتە و بریتییە لە بەرهەمی ڕێککەوتنی نێوان گروپێکی تایبەت بۆ مەبەســـت و بوارێکی تایبەت دادەنرێ. ئەمەش وا

لەو وشەیە دەکات، کە واتایەکی نوێی هەبێت وەک زاراوەیەک (تالیب حوسێن عەلی: ٢٠١٤: ١٧ ).

**تایبەتمەندی زاراوە:**

١-لەئەنجامی پێویستی ژیانی رۆژانە و سەردەمەوە بۆ پەیوەندیکردن دێتە کایەوە.

٢-بۆ ناولێنانی داهێنراوەکان دادەنرێت.

٣-پێوستە لە ڕووی واتاوە گونجاو بێت، بۆ ئەو بابەتەی کە بۆی دادەنرێت.

٤-رێککەوتنی لەسەرە.

٥-پێویستە وشەکە مۆسیقی بێت و گونجابێت لەگەڵ دەربرینی زمانەکەدا، بۆ نموونە وەک زمانی کوردی.

٦-زاراوە، نیشانە زمانییەکان وەردەگرێت وەکو ناسراو، نەناسرا، کۆ.

٧-تا رادەیەک واتاکەی لە وشە بنەرەتیەکە دوور دەکەوێتەوە.

٨-لە ڕووی پێکهاتنەوە زاراوە، سادە، دارێژراو و لێکدراوی هەیە (ڕەفیق شوانی: ٢٠١١: ١١٧).

٩-زاراوە بە ریگای جیاواز دێنە ناو زمانەوە، وەک دارشتن، لێکدان، وەرگرتن، وەرگێران، داتاشین، ئاوەڵواتا(مجاز) پێوان، دووبارەکردنەوە، تێکهەڵکێش، رێگای کورتکردنەوە،...هتد.

١٠-هەموو زاراوەیەک وشەیە، بەڵام هەموو وشەیەک زاراوە نییە. بۆ ئەوەی لێرەدا لە ئاڵۆزی و تێکەڵبوونی چەمکی زاراوە لەگەڵ وشەی فەرهەنگیدا بە دوور بکەوین، پێویستە پەیوەندی نێوان فۆڕمی هەردوو جۆری وشە و زاراوە لەگەڵ واتاکانیاندا دیاری بکرێن، واتە پێویستە جیاوازی نێوان وشە و زاراوە و واتاکانیان بکرێت، کە لە ئەنجامی گواستنەوەی وشەیەک ـ بە هەمان فۆڕم ـــ لە واتایەکەوە بۆ مەبەست و واتایەکی تر دێتە ئاراوە، وەک (زمان)، (تالیب حوسێن عەلی: ٢٠١٤: ١٧١) .

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ، کە زاراوە لە زماندا خاوەنی چەندین تایبەتمەندییە ، هەروەها پێویستە ، ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین ، کە دانانی زاراوە و زاراوەساز مەرجی تایبەتی خۆی هەیە ، پێویستە لەسەر ئەو کەسەی زاراوە

دادەنێت، زمانزان بێت، بە تایبەتی پێویستە شارەزای دوو زمان بێت. زمانێک کە زاراوەکەی هەیە و دووەمیان کە زاراوەکەی بۆ دادەنرێت ، شـارەزای ئەو بـابەتە بێت، کە زاراوەی بۆ دادەنێت ، شـــارەزای ڕێزمـانی زمـانەکە بێت ، پێویســـتە زاراوەکە، بابەتەکە بگرێتەوە و گونجاو بێت، واتا وەک وشـــەیەک بشــێت بۆ ناولێنراوەکە . ئەو کەســەی زاراوە دادەنێت ، پێویســتە کەســێکی ڕۆشــنبیر بێ و دوور بێ لە بیروباوەڕی تەســک و خۆپەرســتانە ، ئەگەر لە زمانەکەدا وشـەو زاراوەی ڕەسـەنی تێدا هەبێت نابێ فەرامۆش بکرێت ، بەڵکو یێت ، نەک زاراوە بێگانەکە ، بۆ نموونە :

فەراهەم: لە جیاتی دابینکردن، ڕاییکردن.

ئۆپۆزسیۆن: لەجیاتی بەرهەڵستکار (ڕەفیق شوانی: ۲۰۱۱: ۱۱۸).

پێویســـتە کـاتێک زاراوەی بیـانی بەکـاربهێنین، ئەگەر لە فەرهەنگی زمـانی نەتەوایەتیدا وشـەیەک نەبوو، یان نەگونجاو بێت بکرێت بە زاراوە لە زمانەکەدا و هەموو ڕێگاکان بەســترابن. ئینجا پەنا دەبرێتە بەر وەرگرتن و بەکارهێنانی زاراوەی بێگانە ئەویش پاش گونجاندنی بۆ فۆنۆلۆجی زمانی کوردی و دەبێت پڕ بە پێستی دەربڕینی زمانی نەتەوەیی کوردیمان بێت.

**ڕێگاکانی گۆڕان و پەرەسەندنی زاراوە:** زانایانی زمان، کۆکن لەسەر توانستی زمان و لەســەر ئەوەی کە زمان بەردەوام لە گۆڕان و پەرەســەندن دایە، بە سود وەرگرتن لە مۆرفیم و ڕێزمان بۆ لە دایکبوونی وشە و واتا و پێکهاتەی زمـانیی نوێ، بۆ دەربڕینی پێوســـتییەکـان و چەمکەکـانی کۆمەڵگـا. زمـانی کوردی، لە ڕووی دارشــتن و دروســتکردنی وشــەوە، توانایەکی باشــی هەیە، خاوەن تایبەتمەندییەکی دارشـــتنی بەهێزە، دارشـــتن لەم زمانە بەبەرهەمە، ئەگەر هەوڵبـدرێ، دەتوانرێ بە زمـانی کوردی، لە بوارەکـانی زانســـتی و تەکنیکی نوێ دەربڕین بکرێ . هەرچەنـدە، زاراوە لە زمـانی کوردیـدا، بە ڕێگـایەکی نـا هەمواری پێشـــکەوتندا تێپەڕبوو، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە، لە بوارەکـانی کـارگێڕی و ئـابوری و کۆمەڵایەتی و تەکنیکیی و پیشـــەییەوە گەشـــەســـەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، زمانی کوردی تا ڕادەیەکی باش توانیویەتی لەگەڵ ئەم چەمک و پێشـــکەوتنانەدا، خۆی بگونجێنێ، ژمارەیەک

زاراوەی نوێ کەوتەنەتە ناو زمانەوە، کە هەندێکیان دارێژراون، هەندێکی تریان وەرگێڕدراون، بەشێکیان ئەو زاراوە جیهانیانەن، کە لە زمانانی ترەوە وەرگیراون ، چەند زاراوەیەکی نوێی وەک: (توێژەر، نشینگە، جیهانبینی، خاچی سور، مافی مندالْ، نێونەتەوەی، پالاْوگە...هتد). کەوتوونەتە ناو زمانی کوردیەوە و فەرهەنگەکەیان دەوڵەمەند کردووە. لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا، زمانی کوردی گەنجینەیەکی باشی لەم زاراوانە کۆکردۆتەوە. زمانی کوردی بۆ دارشتن و دروستکردنی زاراوە سودی لە چەند ڕێگا و هۆکارێکی پەرەسەندنی وشە وەرگرتووە، وەک: (داڕشتن، میتافۆر، وەرگێڕان، بەکوردی کردن، داتاشین...هتد). لێرەدا هەندێکیان دەخەینە ڕوو :

**١-داڕشتن :**

داڕشتن، پێکهاتن و دروستکردنی وشەیەکی نوێیە لە وشەیەکی تر، بە یارمەتی پێشگر و پاشگرەکانەوە، بە مەرجێک گونجان و ڕێککەوتن لە نێوانیاندا هەبێت ( القاسمي: ١٩٨٥: ٨٨). بۆ نموونە لە چاوگی (نوسین)، ناوی کارا (نوسەر)، لەچاوگی (خواردن)، ناوی شوێن (خواردنگە) دروستبووە.

**٢- خوازە :**

خوازە، بریتییە لە گواستنەوەی وشەیەک لە واتای بنەڕەتییەوە بۆ واتایەکی نوێ، زمانەکان ئەم ڕێگەیە بۆ سازکردنی زاراوەی نوێ بەکاردەهێنن. بۆ ئەم مەبەستە پەنا دەبەنە بەر وشەی کۆنەکانی زمان و بۆ بوارێکی تر دەیگوازنەوە و بۆ چەمکێکی نوێ بەکاریدەهێنن. کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی وشە لە پاڵ مەدلولە کۆنەکەدا، مەدلولێکی نوێ وەربگرێ، یان بە هەردوو مەدلولەکە لەزماندا دەمێنێتەوە. ئەوەی دووەم دەچێتە خانەی هاوبەشی واتاییەوە، لە زمانی کوردیدا سوود لەم ڕێگایە، بۆ دەربڕینی زاراوەی نوێ وەرگیراوە. وەک:

قەد ١: قەدی دار

قەد ٢: قەدی کار

**٣- بەكوردی كردن:** گواســـتنەوەی زاراوەی بیانی بۆ زمانی كوردی بەبێ گۆڕان و دەســـتكاری پێی دەوترێت هاوردە، یان بە چەند گۆڕانكارییەكی دیاریكراو ، كە گونجاندنی لەگەڵ ســـیســـتەمی دەنگی و وشـــەیی لە زمانی كوردیدا، لەم بوارەدا پێی دەوترێت بەكوردی كردن ( القاســـمی:١٩٨٥: ١٠٠). وەرگرتنی زاراوەش دەچێتە نـاو چوارچێوەی بەكوردی كردنەوە، كـاتێـك قسەپێكەرانی زمان وشە و زاراوە لە زمانێكی ترەوە وەردەگرن . بەكوردی كردن: لەبواری زاراوەســـازیـدا، ئەگەر زاراوەیەكی بیـانی بەبێ گۆڕان و دەســـتكاریی وەربگیرێ، پێی دەوترێت (هاوردە)، وەك: (نایترۆجین، تەلەفۆن، كۆمپیتەر، داتاشۆ ...هتد)، بەڵام ئەگەر زاراوەی وەرگیراو چەند گۆڕانكارییەكی دیاریكراوی بەسـەردا بێت و هەوڵبدرێت لەگەڵ سـیسـتەمی دەنگی و وشـەیی بگونجێندرێ، لەم بوارەدا، پێی دەوترێـت بەكوردی كردن. وەك: (فەلســـەفە، ســـــات، وەرشـــە، قەڵم، ، خەیـاڵی، خێروبەرەكەت، متمـانە...هتـد).
.

)ی Transliteration( ئەم دیـاردەیە لە زمـانی دیكەش هەیە، لەزمـانی ئینگلیزی .) بەسـیر: ١٩٧٩: ٥٣( پێدەوترێت لە زمانی عەرەبیدا، بە (التعریب) نـاو دەبرێت و لە زمـانی كوردیش دەكرێ بە (بەكوردی كردن) نـاوی ببەین. هەندێك جار زاراوەی وەرگیراو لە زماندا، چەند جۆرە بەكارهێنانێكی دەبێت، بۆ نموونە ( أرض: ئەرز، عەرز، عەرد) .

وەرگرتنی زاراوە بە زۆر شـێوە و هۆكاری جیاواز ڕوودەدات، بۆ نموونە، لە نێوان زمـانی نەتەوەی داگیركراو و زمـانی نەتەوەی داگیركەر، یـان بە پێچەوانەوە، یاخود لە نێوان كۆمەڵگای دواكەوتوو، كۆمەڵگای پێشـــكەوتوودا، بەڵام لەم ســـەردەمەی ئێسـتادا بەهۆی زۆربوونی پەیوەندی و بڵاوبوونەوەی هۆكارەكانی ڕاگەیاندن و ئاســـانكاریی هاتوچۆ لە نێوان میللەتانی جیهاندا، وەرگرتنی وشـــە و زاراوە لەنێوان كۆمەڵگا، هاوشـــان و هاوتاكاندا لە ڕووی پێشكەوتنی زانستی و تەكنیكی و رامیارییەوە ڕوو دەدات.

٤ــ **وەرگێڕان** : وەرگێڕان، بریتییە لە گواستنەوەی زاراوەی بیانی بۆ زمانی کوردی بە واتاکەی نەک بە بێژەکەی، وەرگێڕ، بەدوای وشە و دەستەواژەی گونجاوی زمانی کوردیدا دەگەڕێت، کە هەمان واتای وشە بیانییەکە بدات ( القاسمی: ١٩٨٥: ١٠١). بۆی هەیە زاراوەیەکی بیانی بە دوو شێوە بکەوێتە ناو زمانی کوردییەوە، یەکەمیان بە پێکهاتەی دەنگەکانییەوە، دووەمیان بە واتاکەی، لەو کاتەدا، بۆ هەمان چەمک دوو زاراوەمان دەبێت، یەکێکیان وەرگیراوە و ئەوی تریان وەرگێڕدراە، وەک: (سماعە: بڵندگۆ).

٥ــ**داتاشین** : داتاشین، واتە دروستکردنی وشەیەک لە دوو وشە یان زیاتر، بە مەرجێک گونجان لە نێوان هەردوو وشەی داتاشراو لێداتاشراودا هەبێت. وەک:

شت+مەک=شمەک

گا+ئاسن=گاسن

زانین+کۆکردنەوە= زانکۆ.

**بەشی سێیەم:**

لەم بەشەدا، باسی چەند پیشەیەک دەکەین، کە بە شێوەیەکی پڕاکتیکی لە ناوچەی کۆیە ئامادەمان کردووە، ئەو وشە و زاراوانەمان وەرگرتووە، کە لە شێوە زاری کۆیەدا، پیشەوەران لە پیشەکانیاندا بەکاریان هێناون، لەگەڵ ڕونکردنەوەی پێکهاتەی ژمارەیەکی زۆر لەو وشە و زاراوانە، لە ڕووی مۆرفۆلۆجی و بەکارهێنان و واتایی سیاقییەوە.

**پیشەی وەرزێری و درونەکردن:**

لە کۆندا، ئەم پیشەیە، لە شاری کۆیە و دەوروبەریدا بەکارهاتووە، زیاتر خەڵکی گوند شارەزاییان لە بارەیەوە هەبووە، ئەو زاراوانەی کە پیشەوەرانی بەکاریدەهێنن بریتیین لە:

| زاراوە | بەکارهێنان و واتای سیاقی | پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی |
|---|---|---|
| داس | بۆ درونەکردن بەکارهاتووە، لە کاتی درونە پاڵە و سەرپاڵە هەیە، سەرپاڵە فەرماندەر بوو هەر جارەی بەرێکی دادەبری گازەکی | داس: ناوێکی سادەیە<br>درونەکردن: ناوێکی لێکدراوە<br>دروون + ە + کردن |

| | | |
|---|---|---|
| | لێدەدا جا ئیســـــراحەتیان دەکرد، گیشـــەکەر لە دوای ســـەپان گەنمی دەیکردە گەلاوێژ و جۆی دەکردە گیشــــە،(گەلاوێژ واتە گوڵی گەنم ڕووی لەسـەرەوەیە، بەڵام گیشـەی جۆ بە پێچەوانەوەیە و گوڵەکەی ڕوو لە خوارەوەیە)، تێلەکێشـــیش کۆڵی دەبرد بۆ سەر خەرمان (حمید ڕەشاش: ٢٦/ ١/ ٢٠١٦). | پـاڵە : چـەنـد واتـایـەکی هـەیـە، وەک : دەربـارو دیو مخـانی گـەورە پیـاوان، درویێنەوان ، کرێکار ، سەپان ، ڕەنجبەری پێنج یەک بەری داهات، یان ســێ یەکبەر (هەژار:١٣٨٨ :١٠٢).<br>سەرپاڵە: ناوێکی لێکدراوە<br>سەر+ پاڵە<br>گیشـەکەر : ئەو کەسـەی گیشـە دەکات ، نـاوی کـارایە ، پێکهـاتووە لـە نـاو+ ڕەگی کار (کردن ) ( کە ) + (ەر)<br>گیشە + کە + ەر.<br>تێلەکێش : ئەو کەســـەی بە قەڕانگ مەڵۆ دەکێشـێتەوە، ناوێکی لێکدراوە، (تێل+ ە+ کێش )، تێل : بەچەند واتایەک دێت، وەک ( ئاماڵ خوار، دەرپەڕیو، ســـوچ قوژبن، کەلا هەڵمات ، هەودای لە مس و ئاسـن، بـەرقییـە، تۆزێ لار، ســـیم ), ( هـەژار : ١٣٨٨ : ١٧٦ |
| داسولکە | بچوکترە لە داس. بۆ درونەکردن بەکـــار هـــاتـــووە. وەک درونەی نیسک...<br>(حـاجی عبـداللـە أحمـد: ١٥/ ٣/ ٢٠١٥). | داسولکە: ناوی بچوککراوەیە، داس + (ـــ ولکە) = داسولکە |
| مەرەغان | هەمان شێوەی داسی هەیە، بەڵام گەورەترە زیاتر بۆ دورینی گژوگیا بەکاردێت. | |
| قەیناغ | بۆ پاراســـتنی دەســـت لە بڕین لە کاتی درونە بەکاردەهات، هەروەها بۆ ئەوەی ســـواڵەی گەورە بێـت (حمید ڕەشاش: ٢٦/ ١/ ٢٠١٦). | قەیناغ : قامکە دەســـتکێشـــی چەرمی درویێنەوان، قامکەوان ناوێکی داڕێژراوە، ( قامک + (ەوان ). |

| | | |
|---|---|---|
| هەسان | بەردێکە بۆ تیژکردنەوە بەکاردەهات. وەک: داس، داسولکە... هتد (صابر حمد خان عبدالله: ١/ ٥/ ٢٠١٥). | هەسان: سان، بەردە سان |
| قەرانگ | ئاسنێکی شێوە کەوانەییە، گەنم و جۆیان پێ کۆدەکردەوە و دەیان بردە سەر خەرمان، واتە گیشەکەر گیشەی پێدەکرد (حمید ڕەشاش: ٢٦/ ١/ ٢٠١٦). | قەرانگ: ناوێکی داڕێژراوە ( قەران + گ ). |
| هەوجاڕ | هەوجار لە جێگەی تراکتۆر و گاسن بۆ زەوی کێڵان بەکارهاتووە، بەم شێوەیە بووە، کە دوو ولاغ (ئەسپ، ئێستر، گا، گوێدرێژ)، نیر و کۆپان و کەڵمە.<br>نیر: بریتیە لە پارچە دارێکە چوار کەڵمەی هەیە دەکرێتە ملی گاکان، کۆپانیش لە چەرم و پوش دروستکراوە لەسەر ملی ئاژەلەکان دادەنرا، تا ئازاری پێنەگات، دواتر بە دارێکی درێژ دەگەیەنرێت بە زەوی کە پارچە ئاسنێکی لەسەر شێوەی گاسنی پێوەیە و زەوی پێدەکێڵن. ئێستاش لە هەندێک ناوچە ماوە، بە تایبەتی لە ناوچە شاخاویەکان و ناو ڕەزەکان. | هەوجاڕ: ناوێکی لێکدراوە<br>نیر: ناوێکی سادەیە، دارێ کە دەخرێتە ملی گاجووتان، لەکاتی زەوی کێڵاندا.<br>کەڵەمەک: ناوێکی داڕێژراوە (کەڵەمە +ک ) : کەڵەوەی ملی گا . |
| سێ گاسن | شوێنی هەوجاری گرتەوە، بۆ کێڵانی زەوی بەهۆی تراکتۆرەوە بەکارهاتووە. | وشەیەکی لێکدراوە:<br>ژمارە(سێ) + ئاسن = سێ ئاسن.<br>وشەی (گاسن): لەوە هاتووە، کە لە کۆندا، بەهۆی ئاژەڵی (گا)، (ئاسن) ڕاکێشراوە. |

| | | |
|---|---|---|
| | | گا + ئاسن = (گاسن) وشەیەکی لێکدراوە، بە ڕێبازی داتاشین دروستکراوە. |
| خەرماشە<br><br>تێلەگە کێش | بۆ جوتکردن بەکاردێت<br><br>بەو ئافرەتانە دەوترێت ، کە کاتێک پیاوەکان دروێنەی گەنم دەکەن ، ئەوان لە دوایانەوە گەنمەکە هەڵدەگرنەوە . | خەرمان + شەن= خەرماشە<br>(خەلە) + (مان) = خەلەمان<br>واتە: شوێنی کۆکردنەوەی دانەوێڵە . |
| قرشەکوت | بۆ کوتان و هاڕینی دانەوێڵەیە بەهۆی تراکتۆرەوە. | ناوێکی لێکدراوە<br>ناو + ڕەگی کار<br>خرشە + کوت (کوتان) =<br>خرشەکوت |
| پێمەڕە | بۆ هەڵکەندنی زەوی کشتوکاڵی و هەڵکەندنی بن دار بەکاردەهێنرێ (عیشێ مەجید علی: ١٢/ ٧/ ٢٠١٥). | |
| ڕوبە، باتمان، تەنەکە هۆقە قەپان | بۆ پێوانەی دانەوێڵە بەکاردێن (ڕەفیق شوانی: ٢٠٠١: ٣٥). | قەپان، لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون )<br>تەن(طن- لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە)...: |
| قەڵەم | ئاسنێکی تیژە، بۆ دەرهێنانی بەردی گەورەیە لەناو زەوی کشتوکاڵی. | قەڵەم: ناوێکی سادەیە، وشەیەکی وەرگیراوە لە زمانی عەرەبییەوە . |
| سەرەند، بێژینگ | بۆ پاککردنەوەی دانەوێڵە بەکاردێن(حاجی عبدالله أحمد: ١٥/ ٣/ ٢٠١٥). | سەرەند : بێژنگی کون گەورە، وشەیەکی هاوبەشە لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا، هاوواتای سەرەت، سەرەدە<br>بێژینگ: شتێکی کون کونە بۆ بێژان بەکاردێت ، ناوێکی داڕێژراوە پێکهاتووە لە (ڕەگی کار (بێژ) + پاشگری (نگ ) . |

| | | |
|---|---|---|
| تراکتۆر | بۆ کێڵانی زەوی و کێشانەوەی بەروبوومەکەی بەکاردێت. | وشەیەکی وەرگیراوە، لە بنچینەدا، کوردی نییە. |
| کەژی و گوریس | کەژی و گوریس، بۆ بەستانی کەلوپەل و ئاژەڵ بەکاردێت.<br>کەژی: وەکو گوریس وایە، بەڵام پانترە( ڕەشاش: ٢٦/ ١/ ٢٠١٦). | کەژی، لەگەڵ (کەژەک ) هاوواتایە، بە واتای موی زەردی بزنە مەرەز دێت ، ناوێکی سادەیە .<br>گوریس: ناوێکی سادەیە . |
| پیشەقان | پیشەقان، بۆ دەرهێنانی کەنگر و پیفۆک و دومەڵان...هتد بەکاردەهێنرێت. | پیشەقان: وشەیەکی لێکدراوە. |
| جەنجەڕ<br><br><br><br><br><br><br><br><br><br><br><br><br>کاکوت<br><br>جۆخین سەپان<br><br><br><br><br>پەرێز | بۆ کوتانی قەسەر بەکار هاتووە، واتە بۆ وردکردنی گەنم و جۆ و نیسک و نۆک.<br>لەم بەشانە پێکهاتووە: (دوو وڵاغ کە جەنجەڕەکە ڕادەکێشن، جەنجەر لە دار دروستکراوە، باڵتە جەنجەڕ ئاسنێکی تیژە لە ژێرەوەی جەنجەڕەکە دەخرێ قرشەکە ورد ورد دەکات). دوای کوتان شەنەبایان کردووە، بۆ جیاکردنەوەی دانەوێڵەو کایەکە. (شەنە): لە شێوەی چنگاڵە کلکێکی درێژی هەیە پێنج پەلی هەیە لە شێوەی دەست، پەلەکان لە دار دروستکراون، لەسەرەوە بە پەستی حەیوان و بزماری ورد بەیەکەوە دەبەسترێن، هەروەها شەنەی ئاسنیش هەیە (حاجی عبدالله أحمد: ١٥/ ٣/ ٢٠١٥). | جەنجەڕ: وشەیەکی لێکدراوە، ناوێکی داڕێژراوە: جەن +جەڕەی ئاو: چەرخ و دۆڵابی ئاو هەڵکێشان، ئامرازی لە دارو ئاسن بۆ گێرەکردنی کلۆش .<br>شەنەبا : ناوێکی لێکدراوە.<br>شەنە + با<br>شەنەی دار: ناوێکی لێکدراوە<br>شەنەی ئاسن: ناوێکی لێکدراوە<br><br><br>وشەیەکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە (ناو + ڕەگی کار )<br>(کا + کوت (ڕەگی کاری کوتان )<br><br><br><br><br><br>ناوێکی سادەیە |

| | | |
|---|---|---|
| ڕەشکە<br><br>شیوەخوار<br><br>شەوین | خەرمانێکی گەورەیە<br>بەو کەسە دەوترێت ، کە گەنم بۆ<br>کەسانی تر دروێنە دەکات ، یان بە<br>نان و سک ، یان بەبڕێک گەنم یان<br>پارەی ئەو سەردەمە ، بەزۆری<br>کەسە دەوڵەمەندەکان سەپانیان<br>هەبووە .<br>ئەوپارچە زەویەی دوای گەنم<br>دروونەوە دەمێنێتەوە<br>بۆ کێشانی قەسەری گەنم<br>بەکاردێت ،لە بەنی ڕەش<br>دروستدەکرێت ، کە مووی بزنە ،<br>کە لەشێوەی تۆڕی ماسی دایە<br>مێگەلە مەڕ ، ئێواران تۆزێک بە<br>تاخیر بوونەوە دەیهێنییەوە بۆ<br>هەوێزەکەی .<br><br>بریتییە لە لەوەڕاندنی مێگەل لە<br>درەنگانی شەودا بۆ ماوەی کاتژمێر<br>. | ناوێکی داڕێژراوە، پێکهاتووە ، لە<br>(ئاوەڵناو + پاشگری (کە )<br>(ڕەش + کە )<br><br>شیوە خوار : ناوێکی لێکدراوە ( ناو +<br>ئامراز + ئاوەڵکار ) ( شیو + ە + خوار )<br>ئاوەڵکارێکی داڕێژراوە، پێکهاتووە لە (<br>ناوی کات + پاشگری (ین ) ( شەو + ین<br>) |

لێکۆڵینەوەکەی ئێمە بۆ گۆڤارە، مەرجی گۆڤاریش ئەوەیە، کە نابێت لە (٢٥) لاپەڕە زیاتر بێت، بۆیە هەوڵدەدەین لەم خشتەی خوارەوە بە کورتی پیشەکان لە ڕووی وشە و زاراوە و بەکارهێنان و واتای سیاقی و پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی بخەینە ڕوو:

| **زاراوە** | **بەکارهێنان و واتای سیاقی** | **پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی** |
|---|---|---|
| ئاشەوانی | جاران لە شاری کۆیە و دەوروپشتیدا (٢٢) ئاشی ئاو | ئاش: ناوێکی سادەیە |

| | | |
|---|---|---|
| | هەبووە، كە سودیان لە ئاوی دۆڵ و شیوەكان بینیوە، ئاوەكەیان بە جۆگەیەک خستۆتە سەر بەشێک لە ئاشەكە، لەسەر شێوەی تۆرباین بووە، پێی تراوە (قۆتەڵی ئاش)ی، ئەوبەشەی ئاوەكەی بەركەوتووە دارەكی گەورە و پانی كون كون بووە لە كونەكانەوە داری بچوكی شێوە كەوچک هەبوون، لەكاتی بەركەوتنی ئاوەكە خولی دەخوارد و دەسوڕایەوە و لە ژێرەوەشی بەردێكی گەورە هەبووە، بە سوڕانەوەی دانەوێڵەكەی هاڕیوە. دواتر ئاشی ئاگر و ئاشی كارەبایی پەیدا بووە. بەو كەسەی لە ئاش كاری دەكرد دەگوترا(ئاشەوان)، (تاهر أحمد حەوێزی: ١٩٨٤: ٥٦). | ئاشەوانی: ناوێكی داڕێژراوە، پیشە و كاری كەسێک نیشان دەدات ( ناو + پاشگر + پاشگر ) ( ئاش + ەوان + ی )<br>ئاش وەستا: ئەو كەسەی، كە پیشەی دروستكردنی بەردی ئاش بووە ، پیشەكەی جیاوازە لە ئاشەوان .<br>ئاش وەستا: ناوێكی لێكدراوە ( ئاش + وەستا )<br>ئاشەوان: ناوێكی داڕێژراوە ( ئاش + ەوان )<br>ئاشی ئاو: ناوێكی لێكدراوە پێكهاتووە لە دوو ناوی سادە ، بەیارمەتی مۆرفیمی دانە پاڵ (ی ) (ئاش + ی + ئاش )<br>ئاشی ئاگر: ناوێكی لێكدراوە (ئاش + ی + ئاگر )<br>ئاشی كارەبا: ناوێكی لێكدراوە ( ئاش +ی +كارەبا ) |
| دەستاڕ<br><br>جۆنی<br><br>كوتك | برتییە لە ئامێرێكی كۆنی كوردی كە لەچوار پارچە پێكهاتووە (سەرە، ژێرە، دەسک و زار) لە بەرد دروستكراوە، بۆ هاڕینی دانەوێڵە بەكاردەهات<br><br>بریتییە لە قۆڵتێک ، كە لە بەرد یان لەشاخ دروست دەكرێت ، هەروەها بەردێكی تری درێژیش بۆ كوتانی گەنمەكە بە دەستەوە دەگیرێت ، كاتێک كە گەنمەكە | دەستاڕ: وشەیەكی لێكدراوە ( دەست + هاڕ (هاڕین )<br>دەستاڕەوان: ئەو كەسەی پیشەی دەستاڕی دەكات<br><br>دەسكە جۆنی: ناوێكی لێكدراوە، پێكهاتووە لە (ناو + ئامراز + ناو ) (دەسک + ە + جۆنی ) |

| | | |
|---|---|---|
| | دەکەیتە ناو قۆڵتەکە دەکوترێت ، پێی دەوترێت ، دەسکە جۆنی بریتییە لە دارێکی ئەستورو کورت ، کونێک لە ناوەڕاستی دەکرێت بۆ ئەوەی دارێکی تێ بخرێت ، بەکاردێت بۆ ساوار کوتان ، بەهەرەوەزی . | کوتک: ناوێکی داڕێژراوە، پێکهاتووە لە (ڕەگی کار + پاشگری (ک ) ( کوت (کوتان ) + ک ) ___ کوتک |
| گڕگڕ | گڕگڕ، وەک دەستار وایە، بەڵام سوکترە چونکە لە دار دروستکراوە بۆ سپیکردنی چەڵتوکی برنج بەکاردەهات (صابر حمد خان عبدالله: ١/ ٥/ ٢٠١٥). | |
| ئوتوچی | ئەو کەسە بوو کە جلی خەڵکی وتی دەکرد، سەرەتا وتی ڕەژو بەکاردەهێنرا لە جیاتی وتی کارەبا و موکی ئێستا. | ئوتوچی : ناوی پیشەیە، داڕێژراوە ( ناو + پاشگری چی ) (ئوتو + چی ) . |
| حەمامچی و ناتر | جاران لە شاری کۆیە حەمامەکان بە دار گەرمکراوە، دواتر لە جیاتی دار، بە نەوت و غاز و کارەبا گەرم کراوە.<br>(ناتر) هەبووە لە حەمام پشتی خەڵکی شوشتوە (خانە رشید عبوڵڵا: ٢٥/ ٣/ ٢٠١٥). | حەمامچی: ناوی پیشەیە، داڕێژراوە، ( حەمام ) وشەیەکی وەرگیراوە، لە زمانی عەرەبییەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردی حەمام +چی ) |
| قاوەخانە | قاوەخانە<br>لە کۆندا لە کۆیە قاوەخانە هەبووە، قاوەی تێدا فرۆشراوە، هەروەها لە دیوەخانەکان و تازیەش قاوە | قاوەخانە : ناوی شوێنە ، داڕێژراوە ( قاوە + خانە )<br>قاوەچی: ناوی پیشەیە بۆ کەسێک (قاوە + چی ) |

| | | |
|---|---|---|
| | گێردراوه(صابر حمد خان عبدالله: ١/ ٥/ ٢٠١٥). | |
| چاپچی | له چـایخـانه‌كـان چـای و نـانی به‌یانیان هه‌بووه و ئێستاش هه‌یه. | چاپچی: ناوی پیشـه‌یه، داڕێژراوه ( چا + چی ) |
| ئاسنگه‌ری | ئه‌م پیشـه‌یه یه‌كێكه له پیشـه باوه‌كانی شـاری كۆیه. وه‌سـتا كوره‌یه‌كی گه‌وره‌ی گه‌رمده‌كرد و ئاسـنه‌كه‌ی تێدا گه‌رمده‌كرد، دواتر له‌سـه‌ر ده‌زگای پۆڵای داده‌نا و به چه‌كوشـی سـه‌ر گه‌وره لێیان ده‌دا و ئه‌و شته‌ی لێ دروستده‌كرد، كه مه‌به‌سـتیه‌تـی، وه‌ك: داس و داسـولكه و بیور، بێر، قیمه‌كێش، ته‌ورداس،... هتد دواتر ده‌یخسـته نـاو حه‌وزێكی ئـاو بۆ ئه‌وه‌ی سـاردبێته‌وه (خانه رشـید عبوڵڵا: ٢٥/ ٣/ ٢٠١٥). | ئاسنگه‌ر: ناوی پیشه‌یه<br>( ئاسن + گه‌ر )<br>ئاسنگه‌ری: ( ئاسن + گه‌ر + ی ). |
| دارکه‌ری | له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌و كـات سـوته‌مه‌نی وه‌ك نه‌وت و گاز و غـاز نه‌بووه، بۆیه كه‌سـانێـك هه‌بوون ده‌چوونه چیاكان به ته‌ور داریـان ده‌بڕی و به‌پشـتی وڵاغ ده‌یانهێنایه شـارو ده‌یانفرۆشـت (صـابر حمد خان عبدالله: ١/ ٥/ ٢٠١٥). | داركه‌ری: ناوی پیشه‌یه (دار + پاشگری كه‌ر + پاشگری<br>( ی ). |
| ته‌ونكه‌ر | ئه‌م پیشه‌یه تایبه‌ته به ئافره‌تان و له ماڵان ئانجامدراوه و ژنی ئه‌و كات له خوری و مو و ده‌زو، به‌ڕه و مـافور و تـێڕ و جه‌واڵـیـان | ته‌ونكه‌ر: نـاوی پیشـه‌یـه، داڕێژراوه (ته‌ون + پاشگری كه‌ر )<br>ناوێكی ساده‌یه |

| | | |
|---|---|---|
| شەنە<br>کەرکیت<br>ڕەوسە<br>شەنەبا | دروستکردوە (عیشێ مەجید علی: ١٢/ ٧/ ٢٠١٥)<br>ئامێرێکە لە دار دروستکراوە ، وەک شانە وایە ، ڕایەڵەکان دەچنێ .<br>ئەو ئامێرەی کە تەونی پێدەکەی کاتێک داوەکان ڕایەڵ دەکەیت ، داوەکانی پێ دەکوتی بۆ ئەوەی شوێنی خۆی بگرێت .<br>گەنمی پاککراوە و جیاکراوە لە کا ، کە بە کۆمەڵی گەورە دادەندرێت .<br>بەهۆی ئامێرێکەوە کە نزیکەی حەوت نوکی درێژی هەیە ، لە دار دروست دەکرێن ، ئەم نوکانە ، بەهۆی داو و پێستەوە ، بەیەکەوە دەبەسترێت و لە دارێکی درێژ دەخرێت ، کە وەک کلکی پاچ وایە ،جوتیارەکە کاتێک گەنمەکە دەکوتێ بەو شەنەیە ، گەنم و کایەکە هەڵدەدات ، با کایەکە دەباتە لایەک گەنمەکەش لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە . | شەنەبا: ناوێکی لێکدراوە، (شەن + ە + با ). |
| خەنجەرکەر و چەقۆکەر | وەستای ئەم بوارە حەوزێکی داناوە و ئینجا کورەیان دادەخست و دەمی چەقو و خەنجەرەکەیان دروستدەکرد دواتر لە قۆچ و شاخی ئاژەڵ (مەڕ، بزن، ئاسکی کێو...هتد) دەسکەکەیان دروستدەکرد، ئینجا ئەو چەقو یان | خەنجەرکەر: ناوی پیشەیە ، داڕێژراوە .( خەنجەر + کەر )<br>چەقۆکەر : ( چەقۆ + کەر) |

| | | |
|---|---|---|
| | خەنجەرەی کە دروستیانکردوە لە قالبیان دەدا و دەیان خستە ناو ئاو تا سارد ببێتەوە (خانە رشید عبوڵڵا: ٢٥/ ٣/ ٢٠١٥). | |
| مسگەری (سپیکەرەوە) | ئەم پیشەیە لە شاری کۆیە بە زۆری لە وەرزی بەهاراندا کراوە، قاپ و قاچاغ و مەنجەڵی مسیان بردۆتە لای وەستای سپیکردنەوە تا سپی بکاتەوە، سپیکردنەوەکە بە شێوەیەک بووە، کە وەستا کورەیەکی گەورەی گەرمدەکرد و بەردێکی تایبەتی هەبووە بۆ سپیکردنە، وەستا بە چەکوش دەی هاڕی و دەیخستە ناو مەنجەڵەکە و پاشان بەخۆی دەچووە ناوی و بە پێوە ڕادەوەستاو دەستی بە سنگێک دەگرت، تا بەر نەبێتەوە و پێی لە ناو مەنجەڵەکە دەهێناو دەبرد تا سوری دەکردەوە، واتا کەمێک خاوێن دەبوویەوە، دواتر ماددەیەکی خاوێنکەرەوەی شل کە پێی دەگوترا (قەرایی) لەجیاتی مادە خاوێنکەرەوەکانی ئێستا بووە بەکاریدەهێنا و لە مەنجەڵەکەی دەخشاند و خاوێنی دەکردەوە و بەم کارە وتراوە سپیکردنەوە (خانە رشید عبوڵڵا: ٢٥/ ٣/ ٢٠١٥). | مسگەری: ناوی پیشەیە، داڕێژراوە ( مس + گەر + ی )<br>سپیکەرەوە: ناوی پیشەیە لێکدراوە ( ئاوەڵناو + ڕەگی کار + پاشگری ەوە )<br>قەرایی: ناوی واتاییە (قەرا + یی ). |

| | | |
|---|---|---|
| تەنەکەچی | تەنەکەچـی، کەنـدوی ئـارد و سـۆبەی دار و پلوسـکە (لولەی سولاوکی ئاوی خانو) و مەنجەڵی کـور و ...هـتـد لە تەنەکە دروسـتکردووە (علی حەویز رەحمان: ١٣/ ٧/ ٢٠١٥). | تەنەکەچی: ناوی پیشـەیە، دارِێژراوە، ( تەنەکە + چی )<br>کەنـدوی ئـارد: نـاوێکی لێکـدراوە ، پێکهاتووە لە (ناو +ی + ناو ).<br>سـۆبەی دار: ناوێکی لێکدراوە (سـۆبە + ی + دار )<br>سۆبە: وشەیەکی وەرگیراوە<br>سولاوکە: پێکهاتووە لە (سولاو + کە )<br>مەنجەڵی کۆڵ : نـاوێکی لێکـدراوە، پێکهاتووە لە<br>( مەنجەڵ + کۆڵ )، |
| ناڵبەندی | ناڵبەند، ناڵی لەپێی ئەسـپ و هێسـتر و ماین و گوێدرێژ دەدا (صـابر حمد خان عبدالله: ١/ ٥/ ٢٠١٥). | ناڵبەندی: ناڵ +بەند + ی<br>ناڵبەند: ناوی پیشەیە، دارِێژراوە ( ناڵ + بەند ) |
| کورتاندرو<br><br><br><br>زین | کورتان لەسـەر پشتی گوێدرێژ دانراوە، بۆ گەرمی و پاراستنی لە بریندار بوون، کورتـان لە کۆنە جـاجم و بەڕە و پووش لەلایەن کورتاندرو دروست دەکرا (صـابر حمد خان عبدالله: ١/ ٥/ ٢٠١<br>لەسـەر پشتی ماین یاخود ئەسپ دادەندرێت ، دووپارچە ئاسـنی پێوەیـە بۆ ئـەوەی قـاچی تێ هەڵکێشی | کورتاندرو: ناوی پیشـەیە، لێکدراوە، ( کورتان + درو )<br><br><br><br>ناوێکی سادەیە. |
| ددانساز | لە کۆندا هەندێک کەس لە شار و گەڕەک و مـاڵانـدا گەڕاون و ددانـیـان بـۆ ئەو کەسـانە دروسـتکردۆتەوە، کە ددانیـان کەوتووە، دانسـاز، ددانەکەی لە | دانساز: ناوی پیشەیە، دارِێژراوە . |

| | | |
|---|---|---|
| | ماددەیەکی سپی وەک گەچ دروستدەکرد، ماددەکەی دەکردە ناو قالبی تایبەتی و ڕێکی دەخست و دوای وشکبوونەوە بۆ کەسەکەی دادەنا (خانە رشید عبولڵا: ٢٥/ ٣/ ٢٠١٥). ئێستا دکتۆری ددان ئەم کارە دەکەن. | |
| چەخماخسا ز | چەخماخساز ئەو کەسە کاری چاککردنەوەی تفەنگ و دەمانچەو پداگرتنەوەی فیشەک بووە (داگرتنەوە، واتە پڕکردنەوەی قەوان بە باروت)، (صابر حمد خان عبدالله: ١/ ٥/ ٢٠١٥). | چەخماخ ساز: ناوی پیشەیە، دارێژراوە ( چەخماخ + ساز ) |
| جۆلای | جۆلا، لە (مو و خوری و مەرەز) خەرار و جاجم و بەرماڵی نوێژ و قاتی کر (شاڵ)ی دروست دەکرد. | جۆلای: ناوی پیشەیە، دارێژراوە ( جۆلا + یی ) |
| سبیلچی | سبیلچی، ئەو کەسەیە کە قەڵنە و دار جگەرەی دروستکردوە. سبیل، دارێکە وەک کەوچک وایە، توتنیان تێدەکرێت و ئاگریان تیدا هەڵدەکرد و وەک جگەرە دەیانکێشا. زۆرجار بە بەردەستێ کە لە بەردێک و ئاسنێک و پیکهاتووە (قاو) کە لە دڕکە زەردە دروستکراوە لەسەر بەردەکەیان دادەنا و بەردەکە و ئاسنەکەیان لێک دەخشاند و ئاگر پەیدا دەبوو، بەڵام ئێستا پاکەت و چەرخ | سبیلچی : ناوی پیشەیە، دارێژاوە (سبیل + چی )<br>بەردەستێ: ناوێکی لێکدراوە، (بەرد + ە + ئەستێ) |

| | | |
|---|---|---|
| | شوێنی ئەمانەی گرتۆتەوە (خانە رشید عبوڵڵا: ٢٥/ ٣/ ٢٠١٥). | |
| بەرگدرو (خەیاتی) | بەرگدرو کاری دروینی جل و بەرگ بووە بە دەستوری کۆیە، خەیاتی پیاو لە بازاڕدا ئەم کارەی کردووە، بەڵام خەیاتی ئافرەت لە ماڵی خۆی ئەم کارەی دەکرد کەرستەکانی: (مەکینەی درومان، مقەس، دەرزی و داو)ە. | بەرگدرو: ناوێکی لێکدراوە، ناوی کارایە ( ناو + ڕەگی کار ) ( بەرگ + درو ) |
| کارەکدرو | کارەکدرو پێڵاوی لە پێستی ئاژەڵ دروستکردوە، پێڵاوەکە نوکێکی تیژی چەماوەی بۆ سەرەوە هەبووە زۆرجار لەسەر لوتەکەی گورینگی تێدەخرا (خانە رشید عبوڵڵا: ٢٥/ ٣/ ٢٠١٥). | کارەکدرو: ناوێکی لێکدراوە، ناوی کارایە (کارەک+ درو ) |
| پینەدۆزی | پینەدۆز، کاری چاککردنەوە و دورینەوەی پێڵاو و جانتا و تێرکە و مەشکە و هەمبانە و .... هتد بووە، پێویستیەکانی ئەم پیشەیە بریتییە لە: ( مەکینە، درێشە، چەکوش، بزمار، دەزو، دەزگا (دەزگا ئەو پارچە ئاسنەیە پێڵاوەکەی لەسەر دادەنێن بۆ دورینەوە و بزمار ڕێژکردن)، (وەستا کاوە: ٢٠١٦/١/٢). | پینەدۆز: ناوی پیشەیە ( پینە + دۆز ) |
| سولدرو | سۆلدرو، پێستەکی دادەنا و بە خەیاتەی ڕەنگاو ڕەنگ سۆڵەکەی دەدوروی و سەری سۆڵەکەشی بە خەیاتەی ڕەنگاو ڕەنگ دەچنی | سولدرو: ناوێکی لێکدراوە، پیشەو کاری کەسێک نیشان دەدات ( سول + درو) |

| | | |
|---|---|---|
| | (صابر حمد خان عبدالله: ١/ ٥/ ٢٠١٥). | |
| دارتاشی | دارتاش، لە دار کەلوپەلی وەک صندوق و بیژنگ و هێرەگ و لانک و تیرۆگ و خوانە و تەختە قیمە و تەبەق و ... هتد دروست دەکات (عیشێ مەجید علی: ١٢/ ٧/ ٢٠١٥). | دارتاشی : ناوێکی لێکدراوە، پیشەیەک نیشان دەدات ( ناو + ڕەگی کار + ی ) دارتاش : ئەو کەسەی پیشەی دارتاشی دەکات. |
| زێڕنگەر | زێرنگەرە کۆنەکان بە زۆری جولەکە بوون، کاریان دروستکردن وچاککردنەوە و فرۆشتنی زێر بووە، وەک: ئەنگوستیلە و خرخاڵ و گوارە و بازن و لوتەوان و عاشق بەند...هتد (خانە رشید عبوڵلا: ٢٥/ ٣/ ٢٠١٥). | زێڕنگەر: ناوێکی لێکدراوە، ئەو کەسەی پیشەی ئاڵوگۆڕکردنی زێڕ دەکات ( زێڕ + ین +گەر ) |
| گۆزەچی | گۆزەچی، لە قوڕی خۆشکراو دیزە و گۆزە و کوپە و جەڕەیان دروستدەکرد، پاشان لە کورەی ئاگردا سووریان دەکردەوە و بۆ ڕون و ئاو و دۆ و دۆشاو بەکاریان دەهێنان (عیشێ مەجید علی: ١٢/ ٧/ ٢٠١٥). | گۆزەچی: ناوێکی داڕێژراوە، (گۆزە + چی) ، پیشەو کاری کەسێک نیشان دەدات. |
| دەباغچی | دەباغچی، پێستەی ئاژەڵی لە پیسی پاک دەکردەوە، بەهۆی خوێ و ئاوی گەرم. ئینجا بە کوتک دەیان غاراند، دوای خۆشکردنی پێستەکە بەکاریان دەهێنا بۆ دەف و بێژینگ و پێڵاو | دەباغچی: ناوێکی داڕێژراوە، پیشە و کاری کەسێک نیشان دەدات، ( دەباغ + چی ) |

| | | |
|---|---|---|
| | و ستلّی ئاو هەلّكێشـان و جانتای جۆراوجۆر و فیشـەكەدان و... هتد (صـــابر حمد خان عبدالله: ١/ ٥/ ٢٠١٥). | |
| كارێزەچی | كارێزەچی ئەو كەســـە بووە، كە كـارێزی بە پـارە بۆ خەڵـك هەڵكەنـدووە، یان پاكی كردۆتەوە (علـی حەوێز رەحمـان: ١٣/ ٧/ ٢٠١٥). | كارێزەچی: پیشـــە وكاری كەســـێك نیشـــان دەدات ، دارِێژراوە، پێكهاتووە لە: ناو +ە +چی ( كارێز +ە + چی ) |
| بەیتاری | بەیتار، ئەو كەسـەیەیە دەسـت و قاچی شكاوی هەڵدەبەستەوە بە هێلكە و خـام و پـارچەدار و تەڵە قەمیش (هاوژین صـــلیوە: ٢٠١٣: ٥٧). | بەیتـاری: نـاوی پیشـــەیـە، دارِێژراوە، پێكهاتووە لـە: نـاو +پاشـــگری (ی ) ( بەیتار + ی ) |
| زیندرو | زین ئەو شـــتەیە كە لەســـەر پشتی ماین دادەنرێت بۆ سەفەر و راو، زیندروش ئەو كەســـەیە كە زین دروستدەكات لە دار و چەرم و بزمار (صـابر حمد خان عبدالله: ١/ ٥/ ٢٠١٥). | زیندرو: ناوێكی لێكدراوە ، پێكهاتووە لە : ناو + رەگی كار (زین + درو ) |
| چەرچی | چەرچی ئەو كەسانەن، كە كرِین و فرۆشـــتن بە ئـاژەڵەوە دەكەن (علـی حەوێز رەحمـان: ١٣/ ٧/ ٢٠١٥). | چەرچی: ناوە، پیشـەو كاری كەسـێك نیشان دەدات . |
| بەقـــاڵـــی (عەتاری) | بەقاڵ، بەو كەسـانە دەوترا، كە بە پشـــتـی ولاغ كەلـوپەلـیـان دەفرۆشت. | بەقـا: نـاوی پیشـــەیـە ، دارِێژراوە ، پێكهاتووە لە ( ناو + پاشـگری (ـ ی ) ( بەقال+ی ) ، بەقاڵ : وشەیەكی وەرگیراوە. |

| | | |
|---|---|---|
| پۆستەچی | پۆستەچی ئەو کەسە بووە، کە هەفتانە، یان مانگانە بەریدەکانی بەپێ دەبردە شارەکانی تر، چونکە هۆیەکانی گواستنەوە و هاتوچۆ کەم بووە، یان هەر نەبووە (عیشێ مەجید علی: ١٢/ ٧/ ٢٠١٥). | پۆستەچی: ناوە پیشەو کاری کەسێک نیشان دەدات، پێکهاتووە لە: ناو +پاشگری (چی ) ( پۆستە +چی ) |
| قەتارچی | قەتارچی کەسی شارەزا و ڕێزان بووە، پێش قافڵەی بارەکان کەوتووە و ئەم شار و ئەو شاری بە قافڵەکان کردووە، هەروەها پێشی گوتراوە سەرقافڵە (صابر حمد خان عبدالله: ١/ ٥/ ٢٠١٥). | قەتارچی: ناوە پیشەو کاری کەسێک نیشان دەدات ، ناوێکی داڕێژراوە، پێکهاتووە لە (ناو + پاشگری (چی ) (قەتار + چی ) |
| چێشتخانە و کەبابچی | لە شاری کۆیە چەند چێشتخانەیەک هەبووە، زیاتر چێشتی کوردەواری وەک ساوار و کەلەوپارچە و گیپە و کفتە و...هتدیان ئامادە دەکرد. | چێشتخانە: ناوی شوێنە ، پێکهاتووە لە: ناو + پاشگری (خانە ) (چێشت +خانە ) کەبابچی: ناوی پیشەیە، داڕێژراوە ، پێکهاتووە لە : ناو + پاشگری چی ( کەباب + چی ) . |
| کورەچی (قەیاغچی) | لە شاری کۆیە دوو جۆر کورە هەیە (کورەی گەچ و کورەی خەڵوز)<br>١ ـ کورەی گەچ<br>بەردی گەچ(قسڵ- جبسۆم) بە پشتی وڵاغ دەهێنا و بە چەکوشی (تۆخ ماخ) بەردەکانیان ورد دەکردو دەینکردە ناو کورەی ئاگر و ئەو کات بە دار کورەکە گەرمکراوە، تا بەردەکە دەتوایەوە و دەبوە گەچ. گەچەکەشیان بۆ | کورەچی: ناوی پیشەیە ، ناو + پاشگری چی ( کورە + چی )<br>کورەی گەچ : ناوی لێکدراوە، (کورە + ی + گەچ )<br>بەردی گەچ( قسڵ – جبسۆم):<br>کورەی خەڵوز: ناوی لێکدراوە، (بەرد + ی + خەڵوز ) |

| | | |
|---|---|---|
| | دروستکردنی خانو و سپسیکردن و دروستکردنی خوانە بەکاریان هێناوە، چونکە لە کۆیە خانو لە گەچ و بەرد و گومەت دروستکراوە، ئێستاش چەند کورەیەکی گەچ لە بناری چیاکان دا هەیە.<br>٢ ـ کورەی خەڵوز<br>ئەو دارانەی دەیانەوێت بیکەنە خەڵوز دەیکەنە ناو کورەکەو ئاگری دەدەن، تا دەسوتێت، ئینجا بە ئاو دەیکوژێننەوە و وازی لێدەهێنن، تا سارد دەبێتەوە و خەڵوزەکە ئامادە دەبێت بۆ بەکارهێنان لە چێشتخانەکان و چایخانەکان خەڵکیش بەکاریدەهێنن لە سەیران و گەشت و گوزارەکانیاندا بۆ گۆشت برژاندن (مهدی جوهر سمایل: ٢٠/ ١/ ٢٠١٦). | |
| بانگوش | بانگوش بە پارە بانی قوڕی بە باگوردان پەستاوەتەوە، تا دڵۆپە نەکات.<br>باگوردان لە بەردێکی لولەیی (٧٠ ـ٨٠ سم) درێژ دروستدەکرێت، کە لە ناوەڕاستیەوە بە درێژایی بەردەکە کونێکی تێدایە، ئاسنێکی لەناو هەڵدەکێشن و بانگوش بۆ پەستانەوەی بان ئاسنەکە بەدوای خۆی ڕادەکێشێت، لە ئێستاداش لە | بانگوش: ناوی لێکدراوە . |

| | | |
|---|---|---|
| | هەندێ گوندی کوردستان باگوردان بەکاردێت (مهدی جوهر سمایل: ٢٠/ ١/ ٢٠١٦). | |
| قەسابی | قەساب، ئەو کەسەیە لە دوکانەکەی خۆی مالاتی سەردەبڕی و گۆشتەکەی دەفرۆشت، بەڵام ئێستا لە کوشتارگە ئاژەڵ سەردەبڕن (مهدی جوهر سمایل: ٢٠/ ١/ ٢٠١٦). | قەسابی: ناوی پیشەیە ، قەساب + ی<br>قەساب: وشەیەکی وەرگیراوە. |
| باخەوانی- ڕەزەوانی<br><br>بەرەوان | هەرچی ناوچەی دارستانە لە شاری کۆیە، بەزۆری دەکەونە ناوچە بەرزەکانەوە و بەرزاییەکان، هەریەکە لە زنجیرە چیاکانی هەیبەت سوڵتان و باواجی و ئاوەگرد و بنەباوی دەگرێتەوە. ڕەزەوان شارەزایە لە بڕینی دار و کێڵانی بندارەکان و ئاو دانیان و پاراستنیان لە فەوتان<br><br>بەو کەسانە دەوترێت ، کە دەچنە سەر زەوی کەسێک بۆ شینایی کردن ، یان بە شێوەی نیوەیی یان سێ یەک یان چوار یەک . بەزۆر کەسانی خاوەن سامان یان بەگ و ئاغاکان بەرەوانیان هەبووە . | باخەوانی: ناوی پیشەیە، (باخ + پاشگری ەوان + ی )<br>باخەوان: ناوی پیشەیە، (باخ + پاشگری ەوان )<br>ڕەزەوانی: ناوی پیشەیە، (ڕەز + ەوان + ی )<br><br>ناوی داڕێژراوە، پێکهاتووە لە (بەر +پاشگری (وان ) |
| پەڕەکەر | پەڕەکەر ئەو کەسەیە خوری و لۆکە و مو شل دەکاتەوە، هەروەها | پەڕەکەر: ناوی پیشەیە، داڕێژراوە (پەڕە + پاشگری کەر ) |

| | | |
|---|---|---|
| | دۆشـــەک و لێفەی کۆنیان و لێک هەڵدەوەشـــێنێتەوە (مهدی جوهر سمایل: ٢٠/ ١/ ٢٠١٦). | |
| شـــوانـی (شـوانکارە) ، گـاوانـی، بەرخەوانی و بزنەوانی بـێـری و سەربێری<br><br>هەوێز | لە کۆنـدا هەنـدێـک مـاڵ هەبوون ئاژەڵیان هەبوو، بۆ بەخێوکردن و لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان، شـوان و گاوانیان گرتووە.<br>ـــ شوان: ئەو کەسەیە چاودێری مەڕو بزن و بەرخ و کـار دەکـات لە لەوەڕگاکان. .<br>ـــ گاوان: بەو کەسانە دەوترێت کە مـانگـا و گـامێش دەبـاتە لەوەرگاکان.<br>بێری و سەربێری لەکاتی بێرکردن حەیوانیـان دەدۆشـــی (حمیـد ڕەشاش: ٢٦/ ١/ ٢٠١٦)<br>شوێنی حەوانەوەی ئاژەڵ | شـــوانی: ناوی پیشـــەیە، دارێژراوە ، ( شوان + پاشگری ی )<br>گاوانی: ناوی پیشەیە، دارێژراوە (گاوان + پاشگری (ی )<br>بێر + پاشگری (ی) بـێـری: نـاوی دارێژراوە (<br>ســـەربێری: ناوی لێکدراوە، ئاوەڵکار + ناو (سەر +بێر + ی) ناوێکی سادەیە . |
| چـاڵە بەفر و بەفرچی | لە وەرزی زســـتـانـدا، کە بەفر دەبـاری لە نـاوچەی چیـاییەکـان چـاڵیـان لێـدەدا، لە بنی چـاڵەکە کـایان ڕوو دەکرد و لەگەڵ قەدی چاڵەکە و دەیان پەستایەوە، ئینجا بەفریان دەخســـتە ناو چاڵەکە و لەناویدا کۆیان دەکردەوەو دەیان پەستایەوە و کایان لەسەر چاڵەکە دادەنا ســـەریان دادەپۆشـــت بە چرو، تـا بە لیزمە بـاران هەتـاو نەتوێتەوە، لە وەرزی هاویندا ئەم بەفرانەیـان دەبڕی و بە پشـــتی وڵاخ دەیـانهێنا شـــاری کۆیە بۆ | چاڵە بەفر: ناوی لێکدراوە (چاڵ + ە + بەفر )<br>بەفـرچـی: نـاوی دارێـژراوە (نـاو + پاشگری چی ) بەفر + چی. |

| | | |
|---|---|---|
| | فرۆشتن (هاوژین صلیوە: ٢٠١٣:٢ ١٦). | |
| خمچی | خمچییەکـان، مەنجەڵی گەورە گەورەیان لەســـەر ئاگر دادەنا و پڕیان دەکرد لە ئاو، ئینجا خمیان تێدەکرد و دواتر جل و بەرگیـان دەخســـتە ناوی بۆ ئەوەی ڕەنگ بگرێت، ڕەنگەکان بریتیی بوون لە ڕەنگی (ڕەش و شـــین و ســـور)، ڕەنگی ڕەش و شـــین زیـاتر بو تازیە و پرســـەکان بەکار دەهات، هەروەهــا جگە لە جـل و بەرگ، خمچی خوریشـیان پێ ڕەنگدەکرد بۆ مافور و بەرماڵی نوێژ و جاجم و دەسـترازە و... هتد (خانە رشـید عبوڵلا: ٢٥/ ٣/ ٢٠١٥). | خمچی: ناوی داڕێژراوە، (خم + چی ) |
| نـــــانەوا، نانکەر | نانەوا بۆ پیاو بەکاردێت و نانکەر بۆ ژن بەکاردێت. | نانەوا: ناوی داڕێژراوە (نان + پاشگری ەوا )<br>نـانکەر: نـاوی داڕێژراوە، (نـان + پـا شگری (کەر ) |
| تۆپچی | لە مـانگی ڕەمەزانی پیرۆز لە شـــاری کۆیە، کە خەڵک بە ڕۆژو دەبوون ئێواران بۆ بەربـانگکردن چـاوەڕێی دەنگی تۆپیـان دەکرد، تۆپەکە لەســـەر گردی قشـــڵە دانرابوو بۆ بەربـانـگ و ڕۆژوو شکاندن، ئەو کەسەی کە تۆپەکەی دەتەقـانـد پێیـان دەوت تۆپچی (صـــابر حمد خان عبدالله: ١/ ٥/ ٢٠١٥). | تـۆپـچـی: نـاوی داڕێـژراوە (تـۆپ + پاشگری چی) |

| | | |
|---|---|---|
| تەنەکەکوت (دەهۆڵ لێدەر) | لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز شەوانە خەڵکی شار بۆ ئامادەکردنی خواردن و پارشێوکردن بە دەنگی دۆڵ و تەنەکە لە خەو هەڵدەستان (صابر حمد خان عبداللە: ١/ ٥/ ٢٠١٥). | تەنەکەکوت : ناوی لێکدراو، ناو + ڕەگی کار ( تەنەکە + ڕەگی کاری (کوتان ) (کوت ) |
| حەسحەسی | لە شاری کۆیە بۆ پاراستنی دوکانەکانی قەیسەری، لە دز و جەردە، شەوانە حەسحەس لە بری پۆلیس لە قەیسەری و بازاڕ و شەقامەکان دەگەڕاون و چاودێری دوکانەکانیان دەکرد و مانگانە بڕێک پارەیان لە خاوەن دوکانەکانە کۆدەکردەوە (عیشێ مەجید علی: ١٢/ ٧/ ٢٠١٥). | حەسحەسی: وشەیەکی وەرگیراوە |
| ترشیات فرۆش | جاران لە هەموو گەرەکێک چەندماڵێک هەبوون، کە ترشیات و شێلم بەترش و تەڕەسازیان دەفرۆشت (عیشێ مەجید علی: ١٢/ ٧/ ٢٠١٥). | ترشیات فرۆش: ناوی کارایە ، پێکهاتووە لە (ناو + ڕەگی کار ) ( ترشیات + فرۆش ) |
| سعاتچی | کاریان فرۆشتن و چاککردنەوەی کاتژمێرە (صابر حمد خان عبداللە: ١/ ٥/ ٢٠١٥). | سعاتچی: وشەیەکی داڕێژراوە، ناوی پیشەیە ، (سەعات + چی )، سەعات: وشەیەکی وەرگیراوە. |
| چەقۆ تیژکەرەوە | زۆرجار گوێت لێدەبوو یەکێک هاواری دەکرد چەقۆ، مقەس، خەنجەر، تەورداس ... تیژدەکەینەوە، کە دەچوویتە دەرەوە دەتبینی پیاوێک | چەقۆ تیژکەرەوە: ناوی کارایە، ناو + ئاوەڵناو + ڕەگی کاری (کردن ) ، + پاشگر (ەوە )<br>چەرخە : ناوی داڕێژراوە، (چەرخ + پاشگری (ە) |

| | | |
|---|---|---|
| | تورەگەیەکی لەشانە و ئەساس و کەل وپەلی تیژکردنەوەی تێدایە، واتا بە بەردەهەسان، شتەکانی تیژ دەکردەوە، بەڵام لەم ساڵانەی دوایی تیژکردنەوە بەهۆی چەرخە بوو، چەرخە بەردێکی پەپکەیی بوو بەهۆی دەسکێکەوە دەخولێنرایەوە، پەپکەکە بە دەمی چەقۆ، و تەور.... دەکەوت تیژیدەکردەوە (خانە رشید عبوڵلا: ٢٥/ ٣/ ٢٠١٥). | |
| تەبابە | هەندێک کەس لە کوردەواریدا، لەرێی کەلتور و شارەزایی و ئەزموونی خۆیاندا، دەستیان هەبوو لە پزیشکی و داو و دەرمان، چارەسەری هەندێک نەخۆشی وەک: نەزۆکی، منداڵ لەبارچوون، منداڵ سوڕان، تیمارکردنی زام و برین، ترسان، ناوک کەوتن، کەچەڵی، بەڵەکی، بالوکە، چاوکولی، شکان و هەڵبەستنەوە، نەخۆشی زار و ددان و کۆئەندامی هەرس و هەناسە...هتد(نەجیبە خانی جەلی زادە: ٢٠٠٩:٧٤ ). | تەبابە: وشەیەکی وەرگیراوە، خراوەتە ژێر کاریگەری فۆنەتیکی زمانی کوردییەوە، لە ڕووی دەنگەوە دەستکاری کراوە. |
| مامانی | لە کۆندا نەخۆشخانەی منداڵبوون نەبووە، مامان یارمەتیدەری ژن بووە لەکاتی منداڵبوون و ناوکی منداڵی دەبڕی (عیشێ مەجید علی: ١٢/ ٧/ ٢٠١٥). | مامانی: ناوی پیشەیە، داڕێژراوە ، (مامان + ی ). |

| | | |
|---|---|---|
| دەموچاوکەری | دەموچاوکەر: ئەوە کەسە بوو، بەداو و کشتەک دەموچاوی برۆی ژنی دەکرد، ئێستا ئارایشتگا جێی ئەمەی گرتۆتەوە. | دەموچاوکەری: ناوی پیشەیە، وشەیەکی لێکدراوە ، (دەم + و +چاو + کەر (ڕەگی کاری کردن ) . |
| بەربوکی | بەربوک چاوساغ و دەستگر و ئیشکەری بەردەستی بوک بوو. رۆڵی بەرچاوی هەبوو لە خزمەتکردنی بوک لە خەنەبەندان و چونە حەمام و جیاز گواستنەوە. | بەربوکی: وشەیەکی لێکدراوە (بەر + بووک + ی ) |
| گۆرانی گوتن: | کۆیەش وەک هەموو کوردستان لە کاتی کارکردن، یان لە بۆنەی تایبەت وەک دروێنە و سواری جۆلانە و شیوەن گێران و ئاهەنگ و ئاهەنگی بوک گواستنەوە و... گۆرانی تایبەت وتراوە، هەریەکەیان ئاواز و گۆرانی تایبەتی خۆی هەبووە و بە زۆریش بە کۆمەڵ و کۆرس وتراون (هێمن عبدولحەمید و ریازی حاجی رەزا: ٢٠٠٤: ٥٣). لە ساڵی ١٩٥٧ تیپی باواجی کۆیە دامەزراوە کە تا ئێستاش بەردەوامە لە خزمەت گەیاند بە شاری کۆیە (باکوری: ٢٠٠٨: ٢٤١). | گۆرانی گوتن: وشەیەکی لێکدراوە، (گۆرانی + گوتن ). |
| فیتەری | فیتەر، کاری چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبێل بوو. | فیتەری: ناوی پیشەیە، داڕێژراوە ( ناو + پاشگری ( ی ) (فیتەر + ی ) ، فیتەر ناوێکی وەرگیراوە. |

| | | |
|---|---|---|
| مورێسی | مەسیحییەکانی کۆیە لەپاڵ پیشەکانی تر لە کۆنەوە خەریکی مورێستن بوون، ئامێری (خەڕەک) مێژوویەکی دێرینە هەیە، لەم شارەدا زیاتر مەسیحییەکان بەکاریان هێناوە، ئەم پیشەیە تا ساڵی (٢٠٠٠) لە کۆیە مابوو (هاوژین صلیوە: ٢٠١٣: ٥٧).<br>خەرەک: ئامێرێکی کۆنی کوردیە بۆ رستن بەکارهاتووە، بە زۆری لای مەسیح و جولەکەکان بەکاردەهات. | مورێسی: ناوی پیشەیە،<br>خەڕەک: ناوێکی داڕێژراوە. |
| سەرتاش: | خەڵکی بۆ سەرچاکردن و دەموچاو خاوێنکردنەوە، ڕویان دەکردە لای سەرتاش (علی حەوێز رەحمان: ١٣/ ٧/ ٢٠١٥). | سەرتاش: ناوی لێکدراوە، پێکهاتووە لە (ناو + ڕەگی کار )<br>(سەر + تاش ڕەگی کاری (تاشین ) |
| بەنا | بە وەستای دیوار دروستکردن دەگوترا بەنا، جاران لە کۆیە خانی لە گەچ و بەرد دروست دەکرا، زۆرجار بەخرچان بەینی دیوارەکان یان ژورەکان پڕ دەکرانەوە.<br>خرچان: بریتییە لە گەچی ڕەقبووی کۆنە خانی (علی حەوێز رەحمان: ١٣/ ٧/ ٢٠١٥). | بەنا: وشەیەکی داڕێژراوە (بەن + پاشگری (ا )<br>خرچان: ناوێکی داڕێژراوە، (خڕ + چە + ان ) |
| کتێب فرۆشی | ئەو کەسەی کتێبی دەفرۆشت پێیان دەگوت کتێب فرۆش. | کتێب فرۆشی: دەستەواژەیەکی لێکدراوە |

| | | |
|---|---|---|
| خۆشنوسی و وێنەکێشان | لە سەرەتادا کەلوپەلەکانی خۆشنوسی و نوسین ئەوەندە پێشکەوتوو نەبوون، بەڵکو بە مەرەکەب و پەڕی باڵندە لەسەر پێستی ئاژەڵ دەیاننوسی.<br>وێنەکێشەکان، وێنەی زۆر جوانیان بە کەلوپەلی ئەو کاتە، لەسەر تاتە قوڕینەکان بە نوکی تیژ دەکێشا (تاهر أحمد حەوێزی: ١٩٨٤: ٢٧٢).<br>لە ئێستادا پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شەهید جەعفەر چەندین کەسی ئەکادیمی لەم بوارەدا پێگەیاندووە. | خۆشنوسی: دەستەواژەیەکی لێکدراوە<br>وێنەکێشان: ناوێکی لێکدراوە |
| شەراب و مەی دروستکردن | بادە و شەراب دروستکردن و فرۆشتنی، ئەم پیشەیە تایبەتە بە دیانەکانی کۆیە زۆریان ژیانیان لەسەر ئەم پیشەیە بووە.<br>مەی لە زۆر میوەی وەک هەنجیری و قەسی و سێو و ترێ و...هتد دروستدەکرێت (هاوژین صلیوە: ٢٠١٣: ٢٠٧). | مەی دروستکردن: دەستەواژەیەکی لێکدراوە<br>شەراب دروستکردن: دەستەواژەیەکی لێکدراوە |
| مافورچنین (تەونکردن) | کارگەی چنین و رستن لە شاری کۆیە زۆربەی هی دیانەکان بوو، کە جاجم و بەرماڵ و بەڕەیان دەچنی، بەڵام کارگەی مافوری دەستکرد، لە ساڵی ١٩٧١ لە شاری کۆیە کرایەوە و بەروبومی ساڵانەی کارگەکە نزیکەی (٧٢) مەتر دوجایە لە جۆری مافوری | مافورچنین : ناوێکی لێکدراوە (ناو + چاوگ ) (مافور + چنین ). |

| | | |
|---|---|---|
| | نەخشــــدار، لە کەرســــتەی خاوی سەرەکی خوری و لۆکەیە. | |
| سونەتکەر | ســونەتکەر بە زۆری لە بەهار و پایزدا منداڵیان ســـونەت دەکرد (عیشـــێ مەجیـد علی: ١٢/ ٧/ ٢٠١٥). | ســونەتکەر: ناوێکی لێکدراوە، ســونەت، وشـــەیەکی وەرگیراوە (نـاو + رەگی کاری (کردن ) (کە ) + پاشگری (ەر ) سونەت + کە + ەر |
| تەشیڕێس | تەشـــیڕێس، بە تەشـــی خوری وموی دەرست. تەشی لەم بەشانە پێکدێت:<br>کلکە تەشی دارێکی باریکە، سەرە تەشـی سـەرێکی بازنەییە، قورپ ئاسنێکی شێوە گۆچانی لەسەرە بۆ گیرکردنی ئەو خوری و مووەی کە دەیریســـن، ئەو خوریەیی لە دەســـتی دەئاڵێنن پێی دەگوترێت دەستپێنچکە خوری.<br>تەشـــی ڕێس، بەنی گوریس و کەژی و مافور و جاجم و بەرماڵ و...هتد دەچنی (حمید ڕەشـــاش: ٢٦/ ١/ ٢٠١٦). | تەشیڕێس: ناوێکی لێکدراوە<br>( ناو + ڕەگی کاری (ڕستن )<br>(تەشی + ڕێس )<br>تەشی:<br>کلکە تەشـی : ناوێکی لێکدراوە (کلک + ە + تەشی )<br>سەرە تەشی: ناوی لێکدراوە<br>( سەر + ە + تەشی )<br>قورپی تەشی: ناوی لێکدراوە (قورپ + ە + تەشی )<br>دەســـتپێنچکە خوری: ناوێکی لێکدراوی تێکهەڵکێشـــە، (دەســـت + پێچ + کە + خوری ) |
| کڵاودرو | کــڵاودورو، زۆرجــار ژنەکــان لەمــاڵەوە کــڵاویــان دەدوری و دەچنی، پتر لە دوازدە جۆر کڵاوی پیاوان هەبوو، کە بە ئاوریشـــم و ســـــانتیم و خەیـاتە و دەزو دەنەخشێنران. | کڵاودرو : ناوی کارایە، پیشـــەو کاری کەسـێک نیشـان دەدات ، (ناو + ڕەگی کاری (درون) ( کڵاو + درو ) . |
| گـــۆرەوی چن | ژنی گۆرەوی چن، گۆرەوی بە هەموو جۆرەکـانییەوە: کـورت، درێـــژ، ســــــادە، بەنەخـش، | گۆرەوی چن: ناوی لێکدراوە، پێکهاتووە لە (ناو + ڕەگی کاری (چنین ) (گۆرەوی + چن ) |

| | | |
|---|---|---|
| | ڕەنگاوڕەنگ و پوزەوانە دەچنی (فازیل شەورۆ: ٢٠١٥: ٥٧). | |
| دۆخین و دەسرازە هۆنەوە | ژنی پێشان کاتی بێ ئیشی گوایە ئیسراحەت دەکەن، دەستیان دەکرد بە چنین و هۆنینەوەی دۆخین و لیفکە و دەسرازە و سەرسینگەی لانک و سەرویلک و سەرەقۆریە و دەزگرو گوریس...هتد (فازیل شەورۆ: ٢٠١٥: ٥٨). | دۆخین هۆنەوە : دەستەواژەیەکی لێکدراوە : (ناو + هۆن ، ڕەگی کاری (هۆنین ) + پاشگری (ەوە ) (دۆخین + هۆن + ەوە )<br>دەسرازە هۆنەوە: (دەسرازە +هۆن + پاشگری ەوە ) |
| لێفەدرو | لێفەدرو، بە قوماش و لۆکە و دەرزی گەورە و داو لێفەی دەدوری. | لێفەدرو: (لێفە + درو (دروون ) |
| سەمەنی فرۆش | سەمەنی یەکێکە لە خواردنە فۆلکلۆریەکانی کۆیە، کە لە پایزو زستانان دەفرۆشرا. | سەمەنی فرۆش: ناوێکی لێکدراوە ( ناو + ڕەگی کار ) (سەمەنی + فرۆش (فرۆشتن ) |
| بنێشت فرۆش | لە چیا نزیکەکانی کۆیە و خۆشناوەتی دارەبەن زۆر بوو، بۆیە هەمیشە لە بازاری کۆیە بنیشت دەفرۆشرا (فازیل شەورۆ: ٢٠١٥:٧٦). | بنێشت فرۆش: (بنێشت + فرۆش ) |
| حەتۆتە دروستکردن | ژن حەتۆتەیان لە ڕەشکە و شمری دروست دەکرد و لە بەرهێقەی خۆیان و منداڵیان دەدا بۆنی زۆر خۆش بوو. لەجێی بۆن و معەتەری ئێستا بوو (حمید ڕەشاش: ٢٦/ ١/ ٢٠١٦). | حەتۆتە دروستکردن: دەستەواژەیەکی لێکدراوە ( ناو + چاوگ ) (حەتۆتە + دروستکردن ). |
| توردرو | ئەم کارە ژنان دەیانکرد، چەندین جۆر تورەگەیان دەدروی، وەک: | توردرو: ناوێکی لێکدراوە ( تور (تورەگە ) + درو (درون ) |

| | | |
|---|---|---|
| | تورو مراكـدان، بەديوار هەڵيـان دەواســـی و مراكيـان تێـدەكرد. توری شــوان، نانی شـــوانيان تێدەكرد. توری خورچێن بەســـەر پشـــتی مابنيان دادەدا...هتد (حميد ڕەشاش: ٢٦/ ١/ ٢٠١٦).. | |
| كرێكاری و بژاركردن | زۆرجـار خەڵـك بۆ دابينكردنی پێـداويســـتی ژيـانيـان دەچونە كرێكـاری يـان بژاركردن، ئەم كارێكارييەش بە گوێرەی كارەكە، وەرزی بـووە و هەمـوو دەم نەبووە. | كرێكاری: ناوی پیشەيە، داڕێژراوە (ناو + پاشگری (ی ) (كرێكار + ی ) بژاركردن: نـاوێكی لێكـدراوە (نـاو + چاوگی كردن ) |
| كەتـــيـــرە چاككردن | ســالآنە ســەدان بارە كەتيرە بە چـاككراوی هەنـاردە دەكرا بۆ شـــاری بەغدا و موســـڵ (فازيل شەورۆ: ٢٠١٥: ٨٣). | كەتيرە چاككردن: دەســـتـەواژەيـەكی لێكـدراوە (نـاو + چـاوگی لێكـدراوە (چاككردن ) |
| خـــــوانە دروســتكرد ن | لەســەر سينی يان شـتەكی تەخت گەچيـان ڕودەكرد، دواتر هەر لە گەچ ســێ پێچكەيان بۆ دروســت دەكرد. دواتر خوانەی دار پەيـدا بوو نەجـار دروســـتيـان دەكرد (خـانە رشـــيـد عبوڵڵا: ٢٥/ ٣/ ٢٠١٥). | خوانە دروسـتكردن : دەسـتـەواژەيەكی لێكـدراوە (نـاو + چـاوگی لێكـدراوی (دروستكردن ) |
| سەقا | ســـەقا، ئەو كەســـە بوو، كە بە جەڕە، شـــەربە، تەنەكە، گومگومە يـان گوێـدرێژ ئـاويـان بۆ مـاڵان دەهێنا (فـازيـل شـــەورۆ: ٢٠١٥: ٨٨). | |

| | | |
|---|---|---|
| دایەنی | جاران داینگە نەبوو، ژنە ئاغا و دەوڵەمەندەکان لەماڵەوە دایەنیان بۆ منداڵکانیان دەگرت بۆ چاودێری منداڵەکانیان. | دایەنی: ناوی پیشەیە داڕێژراوە ( ناو + پاشگری (ی ) دایەن + پاشگری (ی ) |
| مەولود خوێنەوە | مەولود خوێن، مەراسیمی ئاینی و کۆمەڵایەتی مەولودی بەڕێوەدەبرد. | مەولود خوێنەوە: دەستەواژەیەکی لێکدراوە (ناو + خوێن ( ڕەگی کاری (خوێندن ) + پاشگری (ەوە ) : (مەولود) وشەیەکی وەرگیراوە لە زمانی عەرەبییەوە. |
| قورئان خوێن | جاران مەلا یان قورئان خوێن بە کرێ دەگیرا بۆ ختمکردنی قورئان لەسەر گۆری کەسی ئازیزیان. | قورئان خوێن : دەستەواژەیەکی لێکدراوە (قورئان + خوێن ) |
| کارەکەری | کارەکەر (نۆکەر)، بەو کەسانە دەگوترا خزمەتی ماڵی دەوڵەمەند و ئاغاکانیان دەکرد (تایەر ئەحمەد حەوێزی: ١٩٨٤: ١٠٥). | کارەکەری:<br>کارەکە : ناوی پیشەیە، داڕێژراوە (کار + ە + کەر ) |
| ڕەشماڵ و چیخ دروستکردن | ڕەشماڵ لە کۆندا وەک ماڵ وابوو، بەتایبەتی لای کۆچەرەکان، دروستکردنی پێویستی بەم کەرستانە هەبوو: (موی بزن، تەشی، ئامێری هەپۆ).<br>دوای خاوێکردنەوەی موەکە دەیان ڕست، ئینجا دوو داریان دەچەقاند دارێکی تریش لەناوەراستی دادەنا تا باشتر ڕێک بکەوێت، بە هۆی ئامێری هەپۆ وەک چنگاڵە ڕێکی دەخەن و دروست دەکرێت.<br>چیخ دروستکردن: بە مو و داوی ڕەنگاوڕەنگ و قامیش دروست | ڕەشماڵ دروستکردن : دەستەواژەیەکی لێکدراوە ( ناو<br>لێکدراو + چاوگی لێکدراو )<br>چیخ دروستکردن: دەستەواژەیەکی لێکدراوە:<br>( ناو + چاوگی لێکدراو ) |

| | | |
|---|---|---|
| | دەکرێت. بۆ شــوراکردنی کەپر و خانی بەکاردێت بۆ ڕێگری کردن لە باو تۆزو گیانەوەران. یان بۆ جواکاری (عیشێ مەجید علی: ١٢/ ٧/ ٢٠١٥). | |
| جــۆنــی کوتان | بەزۆری جۆنی و دەسکە جۆنی لە بەرد دروســت دەکرا، بۆ کوتانی برنج و ســماق و گەنم و... بەکاردەهات (عیشــێ مەجید علی: ١٢/ ٧/ ٢٠١٥). | جۆنی کوتـان: نـاوی لێکـدراوە: نـاو + چاوگی کوتان |
| مەشــکە دروستکرد ن و مەشــکە ژەنین | دوای ســەربڕینی حەیوانەکە بە زانایی پێســتەکە دادەماڵن تا کون نەبــێ، دواتــر پەســـتەکە خۆشــدەکرێت بە پەلکە هەنار و ســیســکەوگروان، دواتر توێکڵی هەنــار دەکوڵێن و تێی دەکەن، ئینجا بە کوتک دەی غارێنن، ئینجا نزیکەی ٢٠ ڕۆژ پڕیـدەکەن لە گەنم یان جۆ، ئینجا هەڵی دەواسن و ئـامـادەیە بـۆ ژەنـین، دۆ و ڕونەکەرەی لێ بەدەســتدەهێنن (عیشــێ مەجیـد علی: ١٢/ ٧/ ٢٠١٥).<br>خۆشکردنی کوندە بە جەفت بوو<br>خۆشکردنی هیزە بە دۆشاو بوو<br>خۆشــکردنی مەشــکە بە پەلکە هەنار و ســیســکەوگروان بوو (حمید ڕەشاش: ٢٦/ ١/ ٢٠١٦). | مەشـکە دروسـتکردن: مەشـکە ژەنین: چاوگە ( هێنان و بردنی مەشکە )<br>غـارانـدن: چـاوگی تێپـەڕە ، بـەهۆی پاشگری (اندن )<br>جەفت: ناوێکی سادەیە . |

| | | |
|---|---|---|
| گەزۆ دروستکردن | گەزۆی زەیتون، دار زەیتون لە نیوەی مانگی پێنج و سەرەتای مانگی شەش، تالێکی سپی وەک لۆکە دەردەکات، دایدەتەکێنە سەر نایلۆنێک یان چارۆگەیەک و دواتر لە هێڵەگی دەدەن پاک دەکێتەوە، ئینجا گەزۆکە بەدەست دەشێلرێت وەک ئەنگوتکە هەویری لێدێت. گەزۆیەکی زۆر بەتام و خۆشی لێ دروست دەبێت (هاوژین صلیوە: ٢٠١٣: ٢١٣). | گەزۆی دروستکردن: ( ناو + چاوگی لێکدراو ) |
| زەیتون خۆشکردن | دوای ڕنینی زەیتون، بە خوێی بێ یۆد و ئاوی بێ کلۆر خۆشدەکرت، چونکە ئەگەر یۆد یان کلۆر لە خوێاوکەکە هەبێت زوو تێک دەچێت. ئەگەر بیانەوێ زەیتونەکە درەنگ پێبگات بۆ ماوەی دوو ساڵ بمێنێتەوە شەقی ناکەن، بەڵام ئەگەر بیانەوێ دوای چەند مانگێک پێ بگات بە چەقۆ شەقی دەکەن، ئەگەر بیانەوێ دوای چەند ڕۆژێک پێبگات بە بەرد دەشکێنرێت و تا پێنج رۆژ ئاوی لێدەرێژرێت ئینجا دەکرێتە ناو خوێاوک، ئینجاخەل و سرکە یان سیر و لیمۆ، یان چەند دەنکە قەسپێکی دەخەنە ناو بۆ ئەوەی ترش و خۆش بێت (هاوژین صلیوە: ٢٠١٣: ٢٠١). | زەیتون خۆشکردن : وە دەستەواژەیەکی لێکدراوە ( ناو + چاوگی لێکدراو )<br>خوێاوک : ناوێکی لێکدراوە ( ناو + ناو + پاشگری ( ک ) ( خوێ + ئاو + ک ) |
| ڕۆن دروستکرد | لە گوندی هەرمۆتە ئەو کارە دەکرا، دوای ئەوەی زەیتونەکەیان | ڕۆن دروستکردنی: |

| | | |
|---|---|---|
| نی (ڕۆنی زەیتون) | دەڕنی و دەیان کردە ناو کەڵەکە بەردێک(وشکە کەڵەکێک) بۆ ئەوەی سیس بێت و بە ئاسانی داتلوخێنرێ، ئینجا بەردە کۆلیان لەنزیک زەیتونەکە دادەنا، لەگەڵ مەنجەڵێک ئاوی گەرم، بەردە کۆل دەرچەیەکی بچوکی لە گۆشەکی هەبوو مەنجەڵێکیان لەبن دادەنا، هەر جارەی هەندێک زەیتونان دەکردە ناو گونیەکی لە خوری دروستکراو، کە پێی دەڵێن (ڕاوکە)، لەناو بەردە کۆلەکە دادەنراو یەک دوو جام ئاوی گەرمیان پەدادەکرد و هەڵدەشێلرا و ڕۆن و ئاوەکە دەچووە ناو مەنجەڵەکە، ئینجا لەبەر ئەوەی ڕۆن سەرئاو دەکەوێت بە ئاسانی ڕۆن و ئاوەکە جیا دەکرایەوە، ڕۆنەکە بۆ چێشت لێنان و وەک دەرمان بۆ شێلان بەکاریان دەهینا، هەروەها لە کڵێسا و مالانیش لەجیاتی نەوت بۆ ڕوناککردنەوە بەکارهاتووە (هاوژین صلیوە: ٢٠١٣: ٢١٣). | کەڵەکە بەرد : ناوێکی لێکدراوە (ناو + ە + بەرد ) (کەڵەک + ە + بەرد )<br>وشکە کەڵەک : ئاوەڵناوێکی لێکدراوە ( ئاوەڵناو + ە + ناو )<br>( وشک + ە + کەڵەک ) |
| زەمبیل دروستکردن | مەسیحەکانی هەرمۆتە ئەم کارەیان دەکرد، زەمبیلیان لە شۆڕەبی دروست دەکرەت، زەمبیل بۆ گرتنەوەی شەرغەی مێشەنگوین بەکاردێت (هاوژین صلیوە: ٢٠١٣: ٢١٣). | زەمبیل دروستکردن: دەستەواژەیەکی لێکدراوە (ناو + چاوگی لێکدراو ). |

## ئەنجام

بەهۆی ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتوینەتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- شــاری کۆیە، یەکێکە لە شــارە کۆنەکانی کوردســتان و خاوەنی کلتور و شارستانیەتی تایبەتی خۆیەتی، ئەم شارە بە چەندین پیشە دەوڵەمەندە، وەک: (پینەدۆزی، نانەوایی، ئاســــنگەری، خمچی، ســــۆڵدرو، زیندرو، ...هتد)، کە سەرچاوەی بژێوی خەڵکی ئەو کاتە بوون.

٢ـ ئەم لێکۆڵینەوە تۆمارکردنی ناوی پیشە جیاوازەکان و شیکردنەوەی وشە و زاراوە پیشەییەکانە لە شاری کۆیە، لە زۆر قۆناغی جیاوازدا، سەرجەم ئەم پیشانە ڕۆڵیان هەیە، لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی.

٣- تۆمارکردنی ئەو زاراوانەیە، کە بەکارنایەن، یان زۆرکەم بەکاردێن، لەبەر پێویست نەبوونیان لە ئێستا، چونکە ئەم پیشانە زۆر کەم بۆتنەوە و تەنانەت هەندێکیان نەماون، بۆ ئەوەی لە لەناوچوون بیان پارێزین.

٤- لەم لێکۆڵینەوەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ناو و وشــــەکانی بواری پیشــەی کۆن، بە پێچەوانەی بەشــێکی زۆر ناوی پیشــەی ئێســتاوە ڕەســەنن و لەناو زمانەکەوە ســەریان هەڵداوە و وەرگیراون، ئەمەش بەهۆی ســروشــتی ژیانەوە بووە، کە دوور بووە لە کارتێکردنی ژیانی دەرەوە.

٥- ئەم لێکۆلینەوەیە، هەوڵێکە بۆ پاراســتنی وشــە و زاراوە کۆنەکانی بواری پیشــــە لە فەوتان و لەناوچوون، چونکە ئەگەر تۆمار نەکرێن وردە وردە لە بیردەچنەوە و دەفەوتەن، بۆیە بە تۆمــارکردن دەیــان پــارێزین. چونکە پێویســــتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کاروباری ســــەردەم، دەبنە هۆی پەیدابوونی وشــــەو زاراوەی تازە لە زماندا، لە هەمان کاتیشــــدا، دەبنە هۆی لەناچوونی کۆمەڵێک وشەو زاراوەی کۆن.

٦- ئیش و کار و پیشــەی جیاواز، دەبێتە هۆی پەیدابوونی زاری پیشــەیی و دەوڵمەندبوونی زمانەکە.

٧- ئەم لێکۆڵینەوەیە، بۆ ئاشناکردنی نەوەی نوێیە بەپیشەی کۆن و پێکهاتەی وشە و زاراوە پیشەییەکان.

٨- مێژووی پێکەوە ژیانی ئاینەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکەدا ڕەنگدانەوەی بەسەرمانەوە هەیە، بە تایبەتی لە ڕووی بەیەکەوە ژیان و گونجاندنی خەڵکی شاری کۆیە لەگەڵ مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە و ئەوانەی کە لە گەڕەکی دیانان نیشتەجێبوون بەڵگەش بۆ ئەمە کردنی کاروپیشەکانە بەیەکەوە.

٩-ســـودێکی تری ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە، ئەم زاراوە پیشـــەییانە قۆناغ و سەردەمی مێژوویی میللەتی کوردمان بۆ دەردەخات، ڕۆشنایی دەخەنە سەر جۆری ژیان و ئەو بارودۆخ و کەرەسانەی کە لە ڕۆژگارەکەدا بەکارهێنراون.

١٠- لەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە زۆربەی زاراوە پیشـەییەکان دارێژراون و  هەندێکیشیان لێکدراون.

**سەرچاوەکان**


- عەلی، بەکر عومەر _ ئەمین، شێرکۆ حەمە ، ٢٠٠٦، زار و شێوە زار ، چاپخانەی چوارچرا. چاپی یەکەم ، سلێمانی.
- باکوری، تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە لە ١٩٥٧ ــ ٢٠٠٨ ، ٢٠٠٨ ، هەولێر.
- حوێزی ،تـاهر أحمـد ، مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم، چـاپخـانەی نمیر،، ١٩٨٤، بەغداد.
- عەلی ،تالیب حوســێن ، زانســتی زمان و زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، ٢٠٠٤، هەولێر.
- الضامن ،حاتم صالح ، علم اللغه، بیت الحکمه ، ط١٩٨٩،١، بغداد .
- شـــوانی، ڕەفیق ، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی،  ٢٠٠١، هەولێر .
- شـوانی، ڕەفیق ، وشـەسـازی زمانی کوردی، چاپخانەی رۆژهەلات ، چاپی یەکەم ،٢٠١١ ، هەولێر .
- حوسێن ،ڕێژنە مەعروف ، ڕۆڵی شێوە زارە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین،  ، ٢٠١٠ ، هەولێر.
- ناوخۆش ،ســەلام  ، کوردۆلۆجی، چاپخانەی رۆژهەلات ،چاپی شـەشــەم، ٢٠١٠، هەولێر .
- ناوخۆش، سـەلام  _ خۆشـناو ،نەریمان ، زمانەوانی، بەرگەکانی چوارەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم،   چاپخانەی منارە ، چاپی یەکەم،٢٠١٠، هەولێر.

- الجرجانی، علی بن معی الشریف ، التعریفات، مکتبه لبنان، ١٩٦٩.
- القاسمی ،علی ، مقدمه فی علم المصطلح، دائره الشؤون الثقافیەوالنشر، ١٩٨٥،بغداد .
- الوافی ، علی عبدالواحد ، علم اللغه، ٢٠٠٧ .
- دزەیی ،عەبدوالواحید موشـــیر ، زارە کوردییەکان، چاپخانەی پاک، چاپی یەکەم ، ٢٠١١ ، هەولێر .
- خورشــید ،غازی عەلی ، زمانی فەرمی بۆ کوردســتان، دەزگای چاپ و پەخشــی سەردەم، ٢٠١٢ ،سلێمانی،.
- دی سوسیر، فردیناند ، علم اللغه اللعام، ترجمه یوئیل یوسف عزیز،١٩٨٨، موصل .
- مرعی، فؤاد ، فی اللغه والتفسیر، دار المدی للثقافه والنشر،٢٠٠٢، دمشق .
-خورشـــید، فوئادحەمە، زمانی کوردی دابەشـــبوونی جوگرافییایی دیالێکتەکانی، چاپخانەی أفاق عربیه،٢٠٠٨ بەغدا .
- شــەورۆ ،فازیل ، ژنە پیشــەوەرەکانی کۆیە، ١٩٠٠- ٢٠١٥ ، چاپخانەی شــەهاب، هەولێر، ٢٠١٥..
البصیر، کامل حەسەن ، زاراوەی کوردی، زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩.-
- میراودەلی، کەمــال ، فەرهەنگی ڕێزمــانی کوردی، بڵاوکراوەکــانی مەڵبەنــدی کوردۆلۆجی،٢٠٠٧، سلێمانی .
- غەریب، کەمـال جەلال ، پڕۆژەی زاراوەی زانســـتی کوردی، دەزگـای چـاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، ٢٠١٢ ،هەولێر .
- فتاح، محمد معروف ، زمانەوانی، چاپخانەی دار الحکمه،١٩٩٠، بەغدا .
- الخولی ،محمد علی ، مدخل الی علم اللغه، دار الفلاح للنشــر والتوزیع، ٢٠٠٠ ،عمان ـ أردن .
ـ جەلی زادە، نەجیبە خان ، مێژووی شاری کۆیە، چاپخانەی شەهاب،٢٠٠٩، هەولێر،.
- خۆشناو، نەریمان ، زار و زمان،، چاپخانەی هێڤی، چاپی دووەم ،٢٠١٤، هەولێر .
- شــەمس، هێمن عبدولحەمید ، شـێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر،٢٠٠٦، زانکۆی کۆیە .
-هاوژین صلیوە، مێژووی هەرمۆتە، چاپخانەی زانا ،چاپی یەکەم، ٢٠١٣، سلێمانی .
- سەعید، یوسف شەریف ، زمانەوانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات٢٠١١ ، هەولێر.
ب ـ گــۆڤــار:

- فتاح، محمد معروف ، هێماکاری و زمانەوانی، گۆڤاری کاروان، ژماره ٢٨، ١٩٨٥.
- خۆشناو، نەریمان ، زمان و دیالێکت، گۆڤاری زمانناسی، ژماره ١٤، ٢٠١٢.
ـــ شەمس، هێمن عبدالحمید و ڕەزا، ریاز حاجی ، کۆیه و مەقام و گۆرانی، گۆڤاری هوما، ژماره (سفر)، کۆیه، ٢٠٠٤.
پ-چاوپێکەوتن:
- أحمد، حاجی عبدالله ، جوتیار، تەمەن (٧٣)، ١٥/ ٣/ ٢٠١٥ ١
-حمید ڕەشـــــاش، له ١٩٣١ له دایک بووه، ســــیمینـاری فۆلکلۆر و کەلەپوری کوردی،٢٠١٦/١/٢٦. بەشی کوردی، زانکۆی کۆیه .
- عبدوللا ،خانه رشید ، ژنی ماڵ، تەمەن (٦٥) ساڵ، ٢٥/ ٣/ ٢٠١٥
- عبدالله، صابر حمد خان ، خانەنشین، تەمەن (٧٨) ساڵ، ١/ ٥/ ٢٠١٥
- علی ،عیشێ مەجید ، ژنی ماڵ، تەمەن (٧٠) ساڵ، ١٢/ ٧/ ٢٠١٥
- ڕەحمان، علی حەوێز ، خانەنشین، تەمەن (٨٠) ساڵ ١٣/ ٧/ ٢٠١٥
- رسول، کاوه محد ، پینەدۆز، تەمەن (٧١) ساڵ، ٢٠١٦/١/١٨.
- سمایل مهدی جوهر ، کورەچی، تەمەن (٤٦) ساڵ، ٢٠/ ١/ ٢٠١٦

## ملخص البحث

هذا البحث الذي هو بعنوان (تركيب مصـــطلحات المهنة في لهجة كوية )، يتناول المصطلحات المهنية من ناحية الاستخدام و المعنى السياقي و التراكيب المورفولوجية للحرفيين . هنالك لغة خاصة بهم . هذه الكلمات و اللهجات التي يستخدمونها مطابقة مع ما يؤلفها المختصـــون و المجاميع اللغوية . يتضـــح لنا في هذا البحث أن أعدادا

هائلة من هذه الكلمات و المصطلحات في المجال المهني ، هي قديمة وأصيلة . و لكن وفي وقت الحاضـر و بسـبب اتسـاع الحياة و التقدم المهني المتنوع فقد ظهرت أنواع متعددة في المهني التي تحتوي على كلمات و مصـطلحات أجنبية كثيرة . وهذا البحث هو محاولة للحفاظ على الكلمات و المصـــطلحات القديمة في مجال المهنة و للحيلولة دون اندثارها . و حيث أن اهمالها و عدم تدوينها يعرضـها للنسـيان و تدخل ضـمن الكلمات الخامدة أو الميتة لغويا . لذلك و بسـبب ألاحتياجات العلمية و الاجتماعية و السـياسـية و الاقتصـادية تتولد طبقة جديدة في اللغة ، و بالمقابل تتجه طبقة أخرى نحو الخمول و الاختفاء .

## Abstract

This research which is entitled (The structure of profession-related terms in Koyeeyan accent), identifies profession-related words in terms of their usage, contextual meaning and morphological structure. Professionals have their own specialized language. Those terms and vocabularies the professionals use are equivalent to those terms and vocabularies that are put to use by specialists in linguistic meetings. In this research, we found out that a huge number of terms and vocabularies that are relating to old professions are original words. However, nowadays, due to the developments and the growth of the quality of life, various professions are brought into being in which foreign terms and vocabularies are exist. This research is an attempt to save the old profession-related terms and vocabularies from extinction. Therefore, if they are not recorded, gradually, they will be forgotten, and they will become archaic. Because of scientific, social, political and economic needs, usually, a group of new words are invented whereas another group of words extinct and die out.

## كورتەی لێكۆڵینەوە

ئەم لێكۆڵینەوەیە بە ناونیشانی ( پێكهاتەی زاراوەی پیشە لە شێوەزاری كۆیەدا ) یە، باس لە زاراوە پیشەییەكان دەكات، لە ڕووی بەكارهێنان و واتای سیاقی و پێكهاتەی مۆرفۆلۆجییەوە. پیشـەوەران، زمانی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەو وشـە و زاراوانەی

کە ئەوان بەکاری دەهێنن، هاوشـــانی ئەوانەن، کە لەلایەن کەســـانی پســـپۆڕو کۆڕە زمـانـەوانییـەکـانـەوە دادەنـدرێن، لـەم لێکۆڵینـەوەیـەدا، ئـەوەمـان بۆ دەرکـەوات، کـە ژمارەیەکی زۆری وشــــە و زاراوەکانی بواری پیشــــەی کۆن، ڕەســــەنن، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، بەهۆی فراوانبوونی ژیان و پێشـکەوتنەوە پیشـەی جۆراو جۆر هـاتونـەتـە کـایـەوە، کـە وشــــە و زاراوەی زمـانی بیـانیـان تێدایـە، ئەم لێکۆلینەوەیە، هەوڵێکە بۆ پاراستنی وشەو زاراوە کۆنەکانی بواری پیشە لە فەوتان و لەناوچوون، لەبەرئەوەی ئەگەر تۆمار نەکرێن وردە وردە لە بیردەچنەوە و دەچنە خانەی وشەی ناچالاک و مردووی زمانەوە، لەبەرئەوەی بەهۆی پێویستییە زانستی و کۆمەڵایەتی و ڕامیـاری و ئـابوورییەکانەوە، هەمیشــــە چینێک وشــــەی نوێ لە زماندا لە دایک دەبێت، لە بەرانبەردا، چینێکی تری وشە بەرەو سستی و نەمان دەچن.